ژمارە (٩) ئابی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

ماڵپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە

**خاوەنی ئیمتیاز:**

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

**سەرنوسەر:**

قادر ئەحمەد عومەر (هەڵگورد)

**بەڕێوەبەری نوسین:**

غەفور نادر حەمەدەمین

مۆبایل و ئیمەیلی سەرنوسەر:

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

halgordpshdare@yahoo.com

مۆبایل و ئیمەیلی ب. نوسین: :

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

gafurranya@myway.com

ئیمێلی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

**ئەدرەسی نوسینگەی گۆڤار:**

رانیە شەقامی گشتی کتێبخانەی هەنگاو

دیزاینی بەرگ و بابەتەکان

ئەندێش

٠٧٧٠٢٤١٠٢٨٧

کۆمپانیای نێوەند

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)



قـــەیـــران و وەرچەرخان ٢٤



ئافرەت و پرسە ٣٦



دیداری زنار لەگەڵ لاڤان حەمە رەشید ٥٢




یەکەم شەوی هاوسەری ٥٦



دیدار لەگەڵ هادییە چەپە ٦٦



چاوپێکەوتن لەگەڵ سۆزان خاڵە شەهاب ٤



رۆڵی ژن ١٤

# عەلمانیەت
# لەبەر چی لەدونیادا بڵاو دەبێتەوە


ن: احمد البغدادی

و: دڵشادی مەلا عەولاَ


تەواوی دەوڵەتانی خۆرئاوا عەلمانینو ئاینیان لەدەوڵەت جیاکردۆتەوە، بەهەمان شێوە هیندو چینو یابانو ڕوسیاو دەوڵەتانی ئەسکندەنافیو هەردووکۆریای باکورو باشورو دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی جاران، و هەمووەدەوڵەتانی ئەمەریکای لاتینو، زۆرێکیش لەدەوڵەتانی ئەفەریقا. پرسیارێك لەوڕووەوە دێتە پێشێ: ئایا تێکڕای ئەودەوڵەتانە هەڵە کارن؟ بەدەر لەگومان کارەکە بەوجۆرەنیە.! کامەیان لەوانە دەوڵەمەندترو گەشەو پێشکەوتووترە لە تەکنەلۆژیاو پزیشکیو زانستەکانی مەعریفەو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەوڵەتە عەلمانیەکان یاخود ناعەلمانیەکان؟ وەڵامەکەی دەوڵەتانی عەلمانیە.! کامەیان لەسەر ئەویتریان دەژین، دەوڵەتانی عەلمانی لەسەر دەوڵەتانی ناعەلمانی یاخود بەپێچەوانەوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: دەوڵەتانی ناعەلمانی لەسەر دەوڵەتانی عەلمانی دەژین، بەڵکو ڕاستربڵێین: ئەگەر دەوڵەتانی عەلمانی نەبن، ئەوە دەوڵەتانی ناعەلمانی هەر بەنەخۆشی، برسیەتی بەهەدەردەچن.! دواپرسیار: ئایا عەلمانیەت نەبۆتەبەشێك لەژیانی دەوڵەتانی موسوڵمان؟وەڵامەکەی بەڵێ یە، عەلمانیەت بەشێکە لەژیانی دەوڵەتانی ئیسلامی، لەچوارچێوەی فێرکاری مەدەنیو یاسا دەستکردەکانو پەرلەمانو دەستوورو دیموکراسیەتو فێرکاری زانکۆییو سیستەمی سەرمایەداری لە ئابووریو بانکەکانو بەکاربردنی قەرزکرن، بەڵکو بانکە ئیسلامیەکان بەبێ پەیوەندی هەبوونیان بەبانکەکانی سەرمایەداریەتی جیهانیەوە توانای کارکردنیان نامێنێ. ئایا هەموو ئەوانە پاڵنەرمان نابن بۆ کێشکردنمان بەرەو عەلمانیەت لە تەواوی کایەکانی ژیاندا، بۆپرسیارکردن دەربارەی فاکتەرەکانی سەرکەوتنی؟ کارەکە پەیوەندی بەتێگەیشتنو ئاینو کافربوونمانەوە بەنمونە نیە، ئەوەندەی بەواقیعەوە پەیوەندیدارە، هەرچی عەلمانیەتەو ئەوەش لە بەجیهانیبوون کەسەری بۆ دەکێشێت لەچەمکەکانی وەك دیموکراسیو یەکسانیو دەستووری بوونو مافەکانی مرۆڤ، ئەوانە بۆنەتە واقیعێك دەرکەوتووە ناتوانرێت لێ ی ڕابکرێت، هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەش بۆهیچ کۆمەڵگاو دەوڵەتێك نیە. تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامی ملیان بۆ فریوودانەکانی بەجیهانیبوون داوە، دژایەتی کردنیشی هیچ جیاوازی لەگەڵ دژایەتی ئاشەهەواییەکان کەدۆن کیشوتی ئیسپانی لەشاکاری داهێنەرانەی (سیرفانتس)دا وێنای دەکات نیە. لە بەجیهانیبووندا هیچ ڕێگا چارەیەك نیە، جگە لە ڕەزامەندبوون پێی یان قڕان تێکەوتن وەك دایناسۆڕەکان، خۆبەگەورەگرتن لەڕووی بابەتەکەدا سودی بۆ خاوەنەکەی نابێت. دەگەڕێینەوە بۆ پرسیارێکی لۆژیکی: بۆچی عەلمانیەت سەرکەوتوو خۆی سەپاند، سەرەڕای تەمەنی باڵادەستی کڵێسە بەرلە عەلمانیەت بەنزیك هەزار ساڵ؟ چۆن عەقڵی خۆرئاوایی بۆی هەڵسوڕا بونیادی فکری ئاینی لێك هەڵوەشێنێو دوریخاتەوە لەژیانو لەبواری کەسایەتی تاکدا کورتی هەڵێنێ؟ چۆن ئەقلانیەت بەسەر غەیبیانیەتدا لەخۆرئاوادا سەرکەوت؟ بڕوام وایە □ لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بۆ تێکۆشانەکانی خۆرئاواییەتی □ وەڵامەکەی ئاسانە، ئەوەی ڕاستیە، بیری ئایینی مەسیحی کۆڵەواربوو لەپەرەپێدانی ژیان بەدرێژایی هەزارساڵ، کەواتە مرۆڤی خۆرئاوایی جگە لە هەوڵدان بۆچارەسەرکردنی هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەر دەستدانەبوو، بۆئەمە بەرەوعەقڵ هەنگاویان نا، لەوبارەوەش ئەوەی نامۆبوو مرۆڤی خۆرئاوایی لە کتێبەکانی ئیبن روشدی بیریارەوە گەیشتە عەقڵ، کە کڵێسە دژایەتی بانگەوازەکەی بەرەوعەقڵ دەکرد، ئەگەرچی شکستی هێنا سەرەڕای سوتاندنی هەموو کتێبو نوسراوەکانی!! ئایە مایەی سەرسوڕمان نیە کەبیری ئەوبیریارە موسوڵمانە هیچ بەهایەکی لەلای خەڵکی خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا نیە. هەربەوسۆنگەوە ئایا ئاگادارن کە موسوڵمانان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئیبن روشددا کردووە؟ (لەساڵی ٥٨٠ی کۆچیەوە، شارەزایانی ئیسلامی ( الفقها) هەمیشە لەسەرفێرکردنەکانی ئیبن روشد گۆنگەڵیان ناوەتەوەو بە زەندیقە تۆمەتباریان کردووەو دوریان خستۆتەوەو کتێبە فەلسەفیەکانیان سوتاندووەو بڕیاریان بەسەرداداوە) بەبێ لەسەرڕۆشتنو ڕەخنەهەبوون لەوبارەوە ( لەبەرمەترسی یاسا)!!!هەرلەوساتەوە کەلێنێك کەوتە مێژووی مرۆڤایەتیەوە، واتا لەماوەی سەدەی پانزەهەمی زاینیەوە، هەرچی خۆرئاوایە لەهەموو ئەو سەرگوزوشتە سەرسوهێنانەی بەدوایەوە بوونو چۆنیەتی گەیشتنیش پێیان خۆی قوتارکرد، لەبەرئەوەی عەقڵی عەلمانی مرۆڤی کردە تەوەری گەردوون، هەوڵیشی بۆجاویدانی، هەمیشەیی دونیاگەریدا بۆ سەلماندنی خودی خۆی، ئەو کارەشی لەرێگای کاری کەرەستەییەوە دەستەبەرکردو بەرەنگاری هەژاری بۆوەو مرۆڤی لەبرسیەتیو نەخۆشیەکانو نەداریو کۆڵەواری رزگارکرد، چەندان دەستکەوتی تەکنەلۆژییان داهێنا لەوانە تەلەفزیۆنو تەلەفۆنو رادیۆو تیشك (ئەشیعە)ودژەفایرۆسیو بەکتریایەکانو (مضادات حیویة) قەڵەمبازی گەورەی پزیشکیشی داکە ملیۆنان منداڵی لە لەنەخۆشیەکانی فەلەجی منداڵو خورویکەو سورێژە دەربازکرد، نابێ چاکیەتی باسکردنی"ئەنسولین"یشمان لەبیربچێت کەموسوڵمانان ڕەتیانکردۆتەوەو بایەکۆتیان کردووە لەوڕۆژەوە جەنگیان لەسەردانیمارك ڕاگەیاندووە، بەوبەڵگەی کە" پێویستیەکان شتە یاساغەکان بەدواخۆیدادێنێ"لەوێدا موسوڵمانەکان مردنیان لەپێناوی ئاینیاندا ڕەتکردۆتەوە، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خودیەتی. لەبەرئەوهۆکارانەی کۆکراونەتەوە ناکرێ دەستهەڵگرین لەعەلمانیەت جائەگەربەشێوەیەکی هەندەکیش بێ وەك ئەوەی لەووڵاتی موسوڵماناندا هەیە، یان بەشێوەیەکی گشتەکی بێت وەك ئەوەی لەخۆرئاواو زۆرێك لەووڵاتانی دیکەدایە، هەرچەندە لێ یەوە خراپەمان پێدەگات لەوانە ئازادیە مەدەنیە ئەو پەڕگیرەکان کەپێچەوانەیە لەگەڵسروشتی مرۆڤایەتیدا، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە عەلمانیەت دەرکەوتووە شەرێکە خۆڵێ لادانی زەحمەتە یان هەرنیە.! لەمەو دوا نموونەتان لەوبارەوە بۆ دەهێنمەوە بەبێ ئەوەی ناوی کەس بهێنین لەبەر ئەو مەترسیە یاساییەی بەدواوەیەتی، بەڵام هەموو لایەك لە مەبەستەکانی دەگات. دەی کەسێك لەوان

کەناڵگەلێکی ئاسمانی بەڤیدیۆ کلیپی ئابڕووبەر لێوان لێوکردووە بۆ خەرجکێشانی کەناڵێکی ئاسمانی تازەی ئیسلامی؟ بەوێنەی ئەو عەقڵیەتە گێژبووەی نێوان ناسنامەی عەلمانیو ناسنامەی ئاینی، بۆخۆیان لەناوچوونو زۆر خەڵکیشیان لەناوبردووە. لە وێنەی ئەو دوو سەرەییە لە وڵاتانی عەلمانیدا بوونی نیە ئەوەش ڕوونە زۆر بەڕوونی لە پڕۆسەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەتدا. لەبەرئەوە شتێکی نامۆ نیە کە بگەین بە:پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، پێشکەوتنی پزیشکی، پێشکەوتنی هزری، پێشکەوتنی فێرکاری، پێشکەوتنی هونەری، پێشکەوتن لە مافەکانی مرۆڤدا، پێشکەوتنی ئابوری، پێشکەوتنی زانستی هەموو ئەوانە بەدی نەهاتوون تەنیا لەوڵاتانی عەلمانیدا نەبێت، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی خەڵاتی(نۆبڵ)یان لەهەموو بوارەکاندا وەرگرتووە هەر عەلمانی بوون. بەمەش زیاتر قوڕەکەیان خەست کردۆتەوە دیندارەکان هەر کە نەخۆش بوون ڕادەکەن بۆ وڵاتە عەلمانیەکان. یان حەز دەکەن ڕۆڵەکانیان لەو وڵاتانەدا بخوێنن. بەو پەڕی دادپەروەریەوە ئەگەر عەلمانیەکان نەبوونایە هەموو خەڵکی سەر زەوی بەهۆی نەخۆشیو نەداریو برسیەتیەوە دەفەوتان. ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە لە عەقڵیاندا ئەوە بسەپێنین کە عەلمانیەت دژی ئاینەکان نیە، بەڵکو عەلمانیەت تاکە شتێکە کە ئازادی ئاینیەکان زۆرو زەوەند دەکات بۆ دژەکانی، بەبەراوردکردنی ڕێژەی مزگەوتەکان لە خۆرئاوادا بە کڵێسەکان لەوڵاتانی مسولمانانداا ئەو حەقیقەتە دەسەلمێ. هەولدەرانی کۆچکەریش بۆ وڵاتە عەلمانیەکان زۆر زیاترە لەو خەڵکانەی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بۆ دەوڵەتە ناعەلمانیەکان. لەو ڕاستیانەوە ئەوە گەلاڵە دەبێ کە بەرهەڵستیکردنی عەلمانیەت هەوەنتەیەو هیچ ئەنجامێکی لەدواوە نیە. سەرڕاستی بەرهەڵستی عەلمانیەتی ناهێڵێ تەنیا ئەو عەلْمانیەتە هەندەکیە نەبێت کە لە وڵاتەکانیاندا هەیە ئەویش بە ڕۆیشتن بۆ بیابانو بە دورە پەرێزی ژیان لە عەلمانیەت. دڵنیایان دەکەین کە تەنیا لەناوچوون چارەنووسی ئەوانە. بەربەرەکانێ "تحددا" یان دەکەین کە دەست هەلگرن لەو عەلمانیەتە هەندەکیە، لەو نموونانەی خاوەنی دوودڵی درۆینەن، خوادەفەرموێ:((ما جعل الله لرجل من قلبين في جوفه)). بەرهەڵست کارانی عەلمانیەت دەیانەوێ ئەو مەحاڵە بهێننەدی!.

**سەرچاوە/ ماڵپەڕی .. تەنویری کوێتی**

# گەندەڵی... قسەیەکیش لەسەر جەماوە !

**شۆڕش ئەنوەر**
shorshaAnwar@yahoo.com

قسەکردن لەسەر گەندەڵی، قسەکردنە لەسەر جەوهەری ئەمڕۆی ئەو گرفتانەی کۆمەڵگەی کوردی ئیفلیج کردووە، تا ئەو ئەندازەیەی کە دەگونجێت بڵێین، گۆڕیویەتی بۆ پێکهاتەیەك لە کەلاوە وێرانە!، چونکە لە پانتاییەکی بەرفراوانی وادا مومارەسە دەکرێ، مەودایەك نەماوەتەوە، پریشکی بەرنەکەوتبێت.. بەرایی هەموو قسەکانیش لەسەر گەندەڵی، قسەکردنە لەسەر دەسەڵاتو بەرپرسەکان، بەو مانایەی کە ئەوانن پرۆسەی گەندەڵی بەڕێوەدەبەن، قسەکردن لەسەر ئەم ڕاستیە، بەڵگەی کۆنکرێتی زۆری پێویست نییە، ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێت، بریتییە، لەوەی کە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردیو



بەرپرسان، زۆر بێباکانە ئەو پرۆسەیە پیادە دەکەنو دەربەستی هیچ نین، بەتایبەتیش لەقەڵسی جەماوەرو توڕەییو بێزاری دەربڕینی ڕۆژانەیان، لە بەرامبەر تەشەنەکردنی بەردەوامی ئەو پەتایە!. قسەی من لێرەدا لەسەر دەسەڵاتو بەرپرسان نییە، ئەوەندەی لەسەر خودی ئەو جەماوەرە پانەیە، کە ئەرزشی خۆی لەدەست داوە لەبەرامبەر ئەو ئەرکانەی لە بەرامبەر دەسەڵات هەیەتیو وەزیفەی ڕاستەقینەی لەبیربراوەتەوە، کە تەنها بریتی نییە لە ڕۆیشتن بەدوای دەسەڵات، بەڵکو مادام پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێ، کە شەرعیەتی ئەمڕۆی دەسەڵاتی کوردی، لە جەماوەرو پانتاییەکەی سەرچاوەو وزە وەردەگرێ، کەواتە کاری ئەو جەماوەرەیە، کە هەڵسوڕاوبێت لە توانستی ئاراستەکردنی دەسەڵات، بەجۆرێکی دروست وەزیفەکانی هەمواربکاتو بەتەنیا کاری جەماوەر ئەوە نییە، پشتیان لە ژێر باری هێشتنەوەی دەسەڵاتدابێت، من لێرەوە دەڵێم کە ئەوە هەر دەسەڵاتو بەرپرسان نینن کە گەندەڵ بوونو پرۆسەکە بەڕێوەدەبەن، بەڵکو ئەوە جەماوەریشە کە ئیختیاری دیکەی وەك، حیزبگەراییو ئینتیمای بۆ خێڵ هەڵدەبژێرێ بەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان، تا ئەو ئاستەی وا لەجەماوەر هاتووە کە دەستو پەنجەکانی لەگەڵ سنور بەزێنەکانی دەسەڵاتو بەپرسان نەرم بکاتو لەگەڵ بارو زروفەکە بڕوات. جەماوەر هەر خۆیەتی کە لە بێ تواناکردنی خۆیەتیو وەکالەت نامەی داوە بەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار، تا بە ئارەزووی خۆیانو بەگوێرەی بەرژەوەندیە تەسکەکانیان، بڕیاربدەنو جۆری ژیان دیاری بکەن، ئەگەر دەسەڵاتو بەرپرسان باش درکیان بەو ڕاستیە نەکردبێت کە جەماوەر، ئامادەییان تێدایە بۆ کار لەسەر کرانیان بە ئاسانیو بەوجۆرەی کە دەویسترێت، ئیتر چۆن دەسەڵاتو بەرپرسان بەم جۆرە لە غروریو بێباکیە لەگەڵ گەندەڵیو نەخوێندنەوەی رای گشتی بەردەوام دەبن؟!. کەواتە بەر لەوەی باس لە بنبڕکردنی گەندەڵی بکەین لە دەسەڵاتو بەرپرسان، ڕاستتر وایە، قسە لەسەر جەماوەر بکرێتو باسی بکەین، بۆ ئەوەی کە چۆن دەکرێت جەماوەر لە ئاست وەزیفە سەرەکیەکانی هۆشیار بکرێتەوە؟ چۆن دەتوانین ئاراستەی جەماوەر بگۆڕین لەوەی کەچۆن دەکرێ واز لە ئینتمای تەقلیدی بهێنێو وای لێبکرێت ئینتیمای بۆ بەرژەوەندیە بالاکانی خۆی هەبێت! ئەگەریش جەماوەر چاوەڕوانە ئەم هۆشیاربوونەوەیەش، دیاری بەرپرسانو کەرەمی بەپرسان بێتو ئەوان کاری لەسەر بکەن، هەم دیسانەوە ئەمە خۆ ونکردنەوەیەکی دیکەی جەماوەر دەبێت لەناو گەرداوی گرفتەکان، چونکە هۆشیاری بەمانا مەعریفیەکەی دوایین شتێکە لەخەمی دەسەڵاتدا نییە. ئەمەش بەو ئیعتیبارەی، کە هۆشیاری جەماوەر بەمانای سەرەتای دەستپێکردنی کۆتایی هێنانە بەو گرفتانەی کە دەسەڵاتو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دەبیندرێن، ڕێ تەخت کردنە، بەبەردەم هەڵایسانی شۆڕشێکی جەماوەری، بۆ چاککردنی باروزروفی کۆمەڵگەو گەڕاندنەوەی دەسەڵاتو بەرپرسان بۆ ناو بازنەو سنوورە مەشروعەکان!.



## سۆزان شەهاب:

# حیزب دامو دەزگاکانی حکومەتو پەرلەمانی توشی ئیفلیجی کردووە

**سۆزان شەهاب نوری، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، خاوەنی دوومناڵەو نەوەی شێخ نوری شاعیرەو کچی شەهابی شێخ نوری دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە، بەکالۆریۆسی لەزانستی کیمایەهەیەو بۆ دبلۆمی باڵای پەروەردە لەهۆڵەندا خوێندویەتی.**

**دیداری: ئەرسەلان مەحمود**

**زنار: بالێرەوە دەست پێبکەین، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، تائێستا چی نەکردوە کەدەبوو بیکات؟..**

سۆزان شەهاب: پەرلەمان، سێ ئەرکی لەسەرشانە، یاسادانان، چاودێری حکومەت، بودجە، تائێستا پەرلەمانی کوردستان بەئەرکی یەکەم هەستاوە، ئەوەش چەند هۆیەکی هەیە، یەکەم پەرلەمان لەوڵاتی ئێمە، تەجروبەیەکی تازەیە، هەرچەند تەمەنی شانزەساڵە بەڵام گەر بەراوردی بکەیت بەپەرلەمانەکانی دونیا، ئێمە زۆر تازەین، دووەم دەست بەسەراگرتنی حیزب بەسەر دامو دەزگاکانی حکومەت، پەرلەمانی توشی ئیفلیجی کردووە، چونکە پەرلەمان تائێستا لەسەر گەندەڵی یاخود لادان لەیاسا نەیتوانیوە یەك وەزیر موحاسەبە بکاتو متمانەی لێ بسەنێتەوە کە ئەمەش بەڕاستی خەلەلێکی گەورەیە، چونکە هەتا ئێستا تێگەیشتن نییە بۆ حوکمڕانی، بەڵکو حکومەت وەك دەزگا حیزبیەکان سەیری کێشەکانی دەکات، نەبوونی ئازادی لەلایەن وەزیرەکان، بۆ دامەزراندن یاخو گۆڕینی بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە ئەوانە داینەمۆی کاری هەروەزارەتێکن، بەڵکو تائێستا مەکتەبی سیاسی هەردوولا کەسەکانی ناو وەزارەت دەست نیشان دەکەن بۆ حکومەت، بۆ پۆستەگرنگەکان، ئەوانەش گەربەگیانی حیزبایەتی کاربکەن، ئەوا وەزارەت توشی ئیفلیجبوون دەکاتو کاریگەریش دەخەنە سەر پەرلەمانو ئەویش ئیفلیج دەکات، تائێستا ئەندام پەرلەمانەکانیش بەئەرکی چاودێری هەڵنەستاون، کاتێك کەوەزیر دێت بۆ پەڕلەمانو باسی وەزارەتەکەی خۆی دەکات، پرسیاری ئەندام پەرلەمانەکان وەك خەڵك بەشێوەیەکی ئاسایی دەکرێن، نەك بەشێوازی لێپرسینەوە، وەك ئەوەی لەدونیادا باوە، سێیەم مەسەلەی بودجەیە، ئەمساڵیش کەهاتە پەڕلەمان، زۆر بەسادەیی بوو، بێ ئەوەی وردەکاریەکانی سەرفکردنی داهاتو بودجەی حیزبەکان باسی لێوەبکرێت، دیارە ئەوەش دوای حەوت مانگ خرایە بەردەم پەرلەمان، بۆیە کارێکی زۆر ناڕەوابوو بڵێین پەڕلەمان یاسای بودجەی پەسەند کرد، بەهەرحاڵ من بەسەرەتایەکی باشی دەزانم، لەدوای ئەوەی کەچەندین ساڵە کەس نازانێت، چەن داهاتی حکومەتەکان بووە، لەدنیای دیموکراسیو مەدەنیدا، وەزارەتەکانو حکومەت بەگشتی لەسەر سایتەکانیان، وەردەکاریەکانی ماڵیو دارایی بۆ خەڵكو هاوڵاتیەکانی ئاشکرادەکات.

**زنار: کەواتەهەست بەجۆرێک لەپەراوێزدا هەڵسورانو کوتانەوەی ئاسنی ساردەکەن**

سۆزان شەهاب: هەموو تاکێکی کوردستان هەست بە پەراوێزخراوی دەکات، تۆنەزانی داهاتەکەت چۆن سەرفدەکرێت، نەزانی ئەم هەموو تەندەرە چۆن دەدرێتە ئەوکەسانەی کەتەنها کۆمپانیایان

بۆفرۆشتنەوەی تەندەر دروست کردووە، دیواری ئەستوری نێوان حکومەتو خەڵك ئەم هەستەی لای هەمووان دروست کردووە، بەلاٌم ئەوەناگەیەنێت ئاسنی سارد بکوتینەوە، ڕاستە لەوە دەچێت، بەڵام لەهەموو دنیا واباوە، گۆڕان هەروا بە سادەو سانایی نایەتەدی، دەبێ خەباتی بۆبکەین، بۆئەوەی ئەم قۆناغەببڕین کارو ئەرکەکە بەتەنها هەر پەرلەمان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەوە کاری هەموو ئەو ڕێکخراوە مەدەنیو ڕۆژنامە ئازادانەیە، کەلەخەمی ئەم وڵاتەدان.

زنار: ئەندامانی ئەنجومەن لەودیو دیوارە شوشەییەکانی پەرلەمانەوە قسەدەکەن خەڵکو تەنانەت سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەستەڵاتداریش گەیشتوونە ئەوباوەڕەی خەمساردیو نارۆشنی لەئادای کارکردنتانداهەیە، بەنمونە پەرلەمانتارهەیە مانگی جارێک سندوقەکەی خۆی ناکاتەوە،ئەوە وێڕای بەحەزەرەوە کارکردن، ئایە ئەوە مانای جۆرێک لەبێهودەیی ناگەیەنێ

سۆزان شەهاب: دەمەوێت لەوەلاٌمی ئەوپرسیارەدا، کەمێ قسە لەسەر ڕەوشی ئێستای کوردستان بکەمو دەربخەم ئەو بێهودەییە لەپەرلەمانەوەیە، یان لە حکومەت یان لەدەستەلاٌتی حیزب، لەکۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەك کوردستاندا، قسەفڕێدان، بێ ئەوەی باج لەسەرقسەکانت بدەی زۆر ئاسانە، لەپێشەوە ڕوونم کردەوە، هەموومان دەزانین حیزب ڕەگو ڕیشەی لەناو دام دەزگاکانی حکومەت داکوتاوە،ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی کاری حکومەتی تەکنۆکراتە، هەموو ئەوانەی لەدوای وەزیر دێن، مەرجە لەبواری کارەکەیاندا شارەزابن، هەلاٌوسانی دامو دەزگاکانی حکومەت بەهێزێکی بێکاری کەبەهۆی ململانێی حیزبی کراونە بارێکی گران بەسەر حکومەتەوە، من لەئێوە دەپرسم کێ وای لەوەزعەکە کردووە، هەر حیزب نییە، ئەی پەرلەمان بەتایبەت ئەندامە گوێڕایەڵەکانی هەر حیزب داینەناون، ئیتر بۆ خەتاکە هەربخرێتە سەر پەرلەمان، خەتابارکردنی پەرلەمان بەم هەموو کەموکوڕیە، پێم وایە بۆمەبەستێکە، ئەویش کەمکردنەوەی بەهای ئەو دەزگایەیە کەبەدەنگی گەل متمانەی پێدراوە، بۆئەوەی ئەوەی لەبارببرێتو هەر دەستەلاٌتی سیاسی خۆیان یاساو ڕێسایی ئەم کۆمەڵگایە بەئارزووی خۆیان دابڕێژن.

زنار: ئەنجومەن، لەگەڵ ئەوەی تائێستا پرۆژە یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی ساغنەکردۆتەوە، هەروەک چۆن ماددەی ١٤٠ یش یەکلایی نەکراوەتەوە، مالیکی سەرەک وەزیرانی حکومەتی عیراقیش بەرلە کۆتایی ٢٠٠٧ سورە لەسەر هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەمانەوێت خوێندنەوەی ئێوەو ئەگەر بکرێ هەڵوێستی پەرلەمان، لەهەمبەر ئەم پرسو بێ دەنگ بوونو مەترسیانە بزانین

سۆزان شەهاب: سەرنجو بۆچوونی خۆمم هەیەو چەندجارێك خستوومەتە ڕوو، بەلاٌم لێك تێنەگەیشتن سەبارەت بەڕاکانم هەبووە، لەهەرێمی کوردستان ئەنجومەنی شارەوانیەکانمان هەبووەو بەهەڵبژادنیش هاتوونەتە پێش، لەدنیای پێشکەوتوشدا ئەم هەموو ئەنجومەنە هەڵنابژێردرێن، بەڵکو لەسەر ئاستی شارەوانییەکان بەڕێوەبردن دەبرێتو سەرۆکی شارەوانی بەکارەکانی پارێزگار هەڵدەستێت، بەلاٌم لەبەرئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی عیراق کراوەو تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان ڕەچاو نەکراوە، لێرە تێکەڵوپێکەڵییەك لەدابەشکردنی دەستەلاٌتەکان ڕووی دەدا، ئەوەش ئیشکالیەتێکی گەورەی دروستکردووە، چونکە شارەوانییەکان خۆیان باشتر پێداویستیەکانی خۆیان دەزانن، باشە پێم بڵێن لەبودجەی ئەمساڵی گەشەپێدانی پارێزگاکان، لەسەر چ بنەمایەك پرۆژەکان دابەشدەکرێن، شوێنێکی وەکو هەڵەبجە کەلەدەستوری عیراقیدا ناوی هاتووە، شوێنە زیان لێکەوتووەکان دەبێ بەشی زیاتریان لەبودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان بۆدابینبکرێت، لەئێوە دەپرسم لەبودجەی سلێمانی چەندی بۆ هەڵەبجە تەرخان کراوە، لەکۆتایدا بەندی (١٢٢) ی دەستوری عیراقی ئاشکرایە کەئەنجومەنی پارێزگا، بۆ ئەو پارێزگایانەیە کە لەهەرێمێکدا نین.

زنار: هەموو ئەو نەخشو ڕێککەوتنانەی لەدەرەوەی ئەنجومەن، بەتایبەتیش ئەوانەی لەنێوانی سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەستەلاٌتداردا ئەنجامدەدرێن، پێتان وانییە ئەمە جۆرێک لەبێدەستەلاٌت کردنو کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەنجومەن بگەیێنێت

سۆزان شەهاب: بێگوومان هەموو حیزبێك لەدونیادا، ئازادە، ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبێکی تری هاوڕای لەناو وڵاتداو دروستکردنی بەرەیەك وەك ئەوەی چەپەکانو حیزبی سەوز لەئەڵمانیا، لەم دواییانە ئەنجامیاندا، بەلاٌم لەهەرێمی کوردستاندا دروستکردنی ئەنجومەن، قەت لەسەر ئەساسی نزیکبوونی بیرو باوەڕ نیە، بەڵکو بۆ دەمکوتکردنی حیزبەکانی ترە، لەبەر ئەوە ئەم ئەنجومەنی سیاسیەش لەکوردستان هەموویان نوێنەریان لەپەرلەمان هەیە، پێویست نەبوو ئەم موجامەلەیەبکرێن.

زنار: تاچەند لەگەڵ جیاکردنەوەی دین لەدەولەت دای، تاکوێ لەبەرامبەر پەرلەمانتارە ئیسلامیەکان ئەوە بەمسۆگەر دەزانی، دەکرێ ڕێنامەی پەرلەمان لەهەمبەر ئەو پرسە بزانین

سۆزان شەهاب: من سەدلەسەد لەگەڵ جیاکردنەوەی دین لەدەولەتم، لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری هاوڕا کەمپینێکمان سازدا بۆ کۆکردنەوەی واژۆی کەسایەتیو ڕێکخراوو حیزبەکان، جیاکردنەوەی دین لەدەولەت، شتێکی تازەنییە، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ بەمەدەنی بوون، لەدروشمەکانی هەردوو حیزبی زۆرینە ڕەنگی داوەتەوە، جیاکردنەوەی دین لە دەستەلاٌت، تەنها لەلایەن ئیسلامیەکانەوە دژایەتی دەکرێت، چونکە دین وەك ئامرازێك بۆجێبەجێکردنی ئایدۆلۆژیایی خۆیان بەکاردەبەن، بەلاٌم خۆشبەختانە دەستەلاٌتی کوردی زۆر لەوە هۆشیارترە، بەندێکی ئاوابخاتە دەستورەکەی، هەتائێستا زۆرێك لەئەندامەکانی پەرلەمان قسەیان لەسەرکردووەو هەمان بیرو بۆچونیان هەبووە، تائێستاش لیژنەی نوسینەوەی دەستوری هەرێم دانیشتنیان نەکردووە بۆ یەکلایکردنەوەی هەموو ئەو پێشنیاراتانەی خراوەتە بەردەستیان.

زنار: تورک بەتایبەتیش بەم دواییانە هەڕەشەکانی بۆ سەرهەرێمی کوردستان چڕترکردۆتەوەو لەبەرامبەریشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندینجار هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆیو خەڵکی کوردستانی بەیانکردوە، تۆ وەک پەرلەمانتارێک ئەم پرسە چۆن لێکدەدەیتەوە

سۆزان شەهاب: هەڕەشەکانی تورکیا تەنها بۆکوردستان نییە بەڵکو بۆسەر خاکی عێراقە کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەم دەوڵەتە، ئەمەش بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان ڕێگەپێنەدراوە، ئێمە لەکوردستان هیچ دووژمنایەتییەکمان لەگەڵ تورکیا نییە، چونکە وڵاتێکی دراوسێیە، تورکیا دەتوانێت کێشەناوخۆییەکانی خۆی بەڕێگەی دیالۆگ چارەسەر بکات نەك بەشەڕ.

زنار: بەهۆی بەربڵاوی ئامێرەکانی پەیوەندیگرتنەوە، زۆرتر لەهەرکاتێک بەتایبەتیش لەناو ڕەگەزی مێینەدا، هەست بە خۆلەناوبردنی تاک لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا دەکرێت، ئەوەکەم نەخشی پەرلەمانو دامودەزگا پەیوەندیدارەکانو ڕێکخراوە پیشەییو مەدەنیەکانە یان داخراوی کۆمەڵگا،هیچ یاساو ڕێوشوێنک بۆڕاستکردنەوەی باری کەسێتی گیراوەتەبەر

سۆزان شەهاب: بەڕاستی کێشەی مێینە لەکوردستان کێشەیەکە زیاتر پەیوەستە بەداخراوی کۆمەڵگاوە، چونکە کولتوری دواکەوتوو سەد یاسای مۆدێرن، نایگۆڕێت. بەلاٌم ئەمەش مانای ئەوەنییە باسی لایەنە پەیوەندیدارەکانی نەکرێت، پەرلەمان لەساڵی ( ٢٠٠٢ ) یاسای ژمارە ( ٤١ ) ی دەرکردووەو جێبەجێکردنی یاسا لەسەر حکومەتەو چاودێری لەسەر پەرلەمانو ڕێکخراوە مەدەنیەکان، بەلاٌم ئەوەی ئەمرۆ لەکوردستان دەکرێت ئەوەنییە، ئەگینا بکوژی ئەم هەموو ژنانە بۆکوێ هەڵدێن، ئەی دامو دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆو داد کاتێك ژنێکی کوژراو دەدۆزنەوە بەکاری تەواوەتی خۆیان هەڵدەستن، تەحقیقاتی تەواو دەکەن، ناوو وێنەی تۆمەتبارەکان بلاٌودەکەنەوە، ئەمە کارێکی دەستەجەمعییە نەك بەیاسا چارەسەر



دەکرێت.

زنار: ژنان، بەوە دەستخستنی مافە سیاسیەکان دەگەنە دوا وێستگەکانی یەکسانی، ئایا هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لەئەنجومەنی نوێنەران‌و حکومەتدا، هیچ لەبواری ناهەمواری ئافرەتان دەگۆڕێت

سۆزان شەهاب: نەخێر تەنها بەدانانی ڕێژەیەك ژن لەپەرلەمان‌و حکومەت، کێشەی ژنی کورد چارەسەر ناکرێت، دانانی ژن تەنها لەو وڵاتانە پەیرەو دەکرێت کە پیاو ڕێگە بەژن نادات بەشداریبکات، کێشەی ژن کاتێك چارەسەر دەکرێت کەوەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدابکرێت نەك وەکو کاڵایی بەردەستی باوك‌و براو کۆمەڵگا، لەیاسای باری کەسێتی دونیادا، کاتێك دووکەس نەیانتوانی بەیەکەوە ژیان بەرنەسەر، چ پیاو چ ژن دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات، مافی هەردوولاش پارێزراودەبێت، هەردوولا حەقی بەخێوکردنی منداڵی دەبێت، ژن هەموو ماڵ‌و کەلوپەلی ماڵەکەی پێدەدرێت، تەنها لەوڵاتە دواکەوتوەکان ژن وەك شتێکی سەیر سەیر دەکرێت، گەر جیابۆوەو خۆی داوای جیابوونەوەکەی کرد، مافەکانی لەدەست دەدات‌و بەپێچەوانەی هەموو دونیاوە ڕەوانەی ماڵی باوکی دەکرێت، تائێستا لای ئێمە ماڵ هی پیاوە نەك هی ژن، بۆیە کێشەی ژنان بەشەو ڕۆژێك چارەسەرناکرێت، دەبێ خەباتی بۆبکەن، دوور لەحیزبەکان بەتێڕوانینێکی ژنانەوە دەنگەکانیان یەك بخەن.

زنار: بەپێی یاسایی باری کەسێتی عیراقی ئافرەتان وەك گێلگەیەك لەبەردەم پیاواندا وان، لێیبدات، بیفرۆشێت، تەڵاقیبدات، ژنی سێیەم و چوارەمی بەسەردابێنێت و ...هتد..خاوەنداریێتی بۆ پیاوە، پەرلەمان چ هەڵوێستەیەکی لەهەمبەر ئەو پرس و هاوکێشە پێچەوانەیە بەپێوەری مرۆدۆستی کردووە؟..

سۆزان شەهاب: لیژنەی مافی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان هەموارکردنی یاسایی باری کەسێتی وەك پرۆژەیەك خستۆتە بەردەم سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دادو چاوەڕێی وەڵامین، بەبڕوای من تایاسایی باری کەسێتی چاکنەکرێت، ژنان هیچ ناکەن بەهیچ، چونکە سەرچاوەی سەیرکردنی وەك کاڵا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.

زنار: ئەو شارو شارۆچکانەی کەوتونەتە دەرەوەی پارێزگاکان، ئەوەندەی لەسنورە دەستکردەکانەوە نزیکن ئەوەندە لەپەرلەمان نا، هۆکارەکە کەمتەرخەمی پەرلەمانە، یان ئەوان تاماون دەبێ بەدەرەوەی هەرێم ئەژماربکرێن‌و خزمەتگوزاریان نەگاتێ‌و قەرەبوو نەکرێنەوە

سۆزان شەهاب: بەڕای من کاتێك شارو شارۆچکەکان لەپەرلەمان نزیك دەبنەوە کە ئەنجومەنی شارەوانییەکانیان تێدا بەهەڵبژاردن بێت‌و ئەندام پەرلەمانی نوێنەریان بەکاری خۆی هەستێت‌و کەم‌و کوڕیەکانیان بگەیەنێتە لایەنە پەیوەندیدارەکان‌و حکومەت بەگشتی، ئەگەر حکومەت کەمتەرخەمی کرد دەبێت بەدواداچوون‌و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، ئەوەش مافی ئەندام پەرلەمانە‌و حکومەتیش پابەندە بەوەڵامدانەوە.

زنار: بۆ پڕکردنەوەی بودجەی هەرێم‌و سڕینەوەی ئەو پارە بەهەدەر ڕۆیشتوانە، قسەیەک هەیە مووچەی ئەندامانی پەرلەمان‌و وەزیرەکان‌و تەنانەت یادوبۆنە جۆراو جۆرەکان‌و ئەوەی بەناوی ڕێزلێنانیشەوە دەدرێتە فیئە جۆراوجۆرەکان ببڕدرێت‌و کەمبکرێنەوە، دەکرێ بزانین ئەوپارانە چەندن‌و تاچەند ئەوە ڕاستە

سۆزان شەهاب: بەڕاستی ئەمانە هەمووی قسەن لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەنوسرێن، حکومەت دەبێت پلانی هەبێت بۆ سەرفکردنی بودجە، کەمکردنەوەی بۆنەو ئاهەنگ‌و فیستیڤاڵەکان‌و دەبڵ مووچەو مووچەی بەرزو وەرگرتنی باج لەکۆمپانیاکانی تەلەفۆن‌و مۆبایل لەکوردستان کاردەکەن، هەروەها بەڕێکردنی هیزی بێکاری دەمامککراو بۆ کەرتی تایبەت، هەمووی هەنگاون بۆ ڕێکخستنی سەرفیاتی حکومەت، بەڵام پارەی بەهەدەرچوو ئەوانەشە کەبەپێی ڕێنماییەکان سەرفناکرێت، بۆیە دەبینین چەندین کۆمپانیا بێ ئەوەی کارەکەی تەواو بکات، پارەی بۆ سەرفدەکرێت. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بزانرێت چۆن مامەڵە بەپارەی میللەتەوە دەکرێت.

زنار: گەندەڵی هەیە، بیرلەوە نەکراوەتەوە دژەفایرۆسەکی ئەکتیڤیش بخرێتە ناوپڕۆگارەمەکانەوە

سۆزان شەهاب: دژەگەندەڵی لەهەرێمدا بەلیژنەی نەزاهە چارەسەر دەکرێت، کە دەزگایەکی سەربەخۆبێت‌و دەستەڵاتی تەواوی هەبێت.

زنار: لە ریپۆرتاژێکی کوردستانی نوێدا خوێندمانەوە، بۆ حاڵی چەند ماڵە هەژارێک گریابووی، ناکرێ ئەوبابەتە لەچوارچێوەیەکی سۆزدارییەوە بەکردەوە بگوازیتەوە پەرلەمان‌و خەمێکی بابەتییان لێبخۆی،بەنمونە هەرنەبێ ساڵی یەک معاشی خۆتان (ئەندام پەرلەمانەکان) بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی خێرخوازی تەرخان بکەن تا ڕێژەی منداڵە هەژارەکان، ئەوانەی لەبەر کەمدەرامەتی خوێندن جێدەهێڵن‌و لەسەر شەقامەکان کار دەکەن، کەمبکەنەوە

سۆزان شەهاب: من گریانم دایم حازرە، چونکە تەحەمولی زوڵم ناکەم، تەحەمولی ئازار چەشتنی خەڵکی تر ناکەم، مووچەکەم بەشی ئوتێل‌و بەنزینی هاتووچۆو مەسرەفی دووماڵ‌و منداڵی پێدەکەم، حەزیش ناکەم خۆم ڕێکخراوێك دابمەزرێنم‌و خۆمی پێوەبادەم، سەنتەری ڕایەڵە هەیە، بۆیارمەتی نەخۆشەکانی شێرپەنجەو تالاسیمیا دامەزراوە یارمەتی دەدەم، ئەوەش بەئاشکرا نەك بەنهێنی، دەبێت حکومەت لێپرسراویەتی هەموو تاکەکان بکات، ڕێکخراو بە ساڵی یەك مووچەی من ناڕوات بەڕێوە، ئێمە لەوڵاتێکی دەوڵەمەنددایین، گەر بودجە بەهەدەر نەڕوات، باوەڕتان هەبێت کەم‌وکوڕی نابینین.

زنار: سەبارەت بەپرسی یەکسانی نێوان ژن‌و پیاو، هەن پێیان وایە زۆرێکی وەکو ئێوەی ئافرەت، بەر لەوەی پۆستێک وەربگرن، قسەگەلێکی زۆر دەربارەی ئەو مەسەلەیە دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە دوای وەرگرتنی پۆست‌و پلە بێدەنگی لێدەکەن..

سۆزان شەهاب: پیاویش قسەزۆر دەکات‌و کەدەگاتە پۆستەکەی بێدەنگی لێ دەکات، من وەك سۆزان قەت بێدەنگ نەبووم، قەتیش بێدەنگ نابم، بەئەرکی خۆمی دەزانم قسە لەسەر مەسەلەکانی کۆمەڵگاکەم بکەم، ئەوە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقییە، پێش ئەوەی بەرپرسیاریەتییەکی وەزیفی بێت،وابزانم پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان شایەدی ئەوە دەدەن کەبێدەنگیم هەڵنەبژاردووە.

# فیدرالیزم‌و بنیاتنانی دەوڵەتی فیدراڵی



ئەحمەد حەمە مستەفا

## بەشی دووەم‌و کۆتایی

**دەوڵەتی فیدڕاڵی بەم سێ ڕێگایە پەیدادەبێت:.**

١- پەرت بوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، یەك مەرکەزیەت بۆچەند قەوارەو کیانێکی سەربەخۆ، پاشان یەکگرتنەوەیان(٢٠) بەنمونە ئەم شێوەیە ﴿یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، بەڕازیل ١٨٩١، چیکۆسلۆفاکیایی پێشوو ١٩٤٨، ئەرجەنتین ١٨٦٠، مەکسیك ١٨٥٧﴾.

٢- یەکگرتنی چەن هەرێمێك یان چەند دەوڵەتێك بەشێوەی ئارەزوومەندانە کەدەوڵەتی فیدراڵی پێکدەهێنێت (٢١) وەك ﴿وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – ساڵی ١٨٧٨، سویسڕا ١٨٧٤، ئەڵمانیا ١٩٤٩، ئیماڕات ١٩٧١، یەکگرتنی میسڕو سوریا لە ١٩٥٨﴾.

٣- یەکگرتنی چەند هەرێمێك بەدەستپێشخەری یان هاندانی هێزێکی دەرەکی، واتە هەندێك جار هێزە داگیرکەرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەوسیستەمەیان لەوڵاتە داگیرکراوەکاندا پێکدەهێنا، وەك﴿فیدڕاسیۆنی ئەودیوی کافکاس لەنێوان ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان، جۆرجیا لەبیستەکانداو لە ساڵی ١٩٣٦ هەڵوەشایەوە، ئەسیوپیاو ئەریتیریا لەساڵی ١٩٥٠ دروست بوو لەساڵی ١٩٦٢ هەڵوەشایەوە، دەوڵەتی مالی لەنێوان مالی‌و سەنیگال ١٩٥٩ – ١٩٦٠﴾.

خاسیەتەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵ:.

١-یەکگرتن: پرەنسیپی(یەکگرتن) بەردی بناغەی ئەو هەرێمانەیە کەلەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیدا بڕیاری پێکەوە ژیان دەدەن، ئەم یەکگرتنەش بوونی ڕژێمێکی (سیاسی، یاسایی) سەرتاسەریە کەتیایدا یەکپارچەیی گەل‌و سوپاو خاك‌و ڕەگەزنامەو سیاسەتی دەرەکی ڕەنگ دەداتەوە.

دەستەڵاتی یاسادانان: جگە لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن، هەموو دەوڵەتێکی فیدڕاڵی لەڕووی یاسادانانەوە، لەدوو ئەنجومەن پێکدێت، ئەنجومەنی هەرێمەکان، بەیەکسانی ئەندامن لەو ئەنجومەنەدا، ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمەیان بەپێی دەنگدان‌و زۆرو کەمی دەنگدەرانی هەرێمەکان بەشداری تیادا دەکەن، ئەگەر بڕیارە عیراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بێت، ئەوا جێگەی نیگەرانییە تائێستا دەستەڵاتی یاسادانان لەعیراقدا یەك ئەنجومەنەو ئەوەش گومان لەسەر جێبەجێکردنی ئەوسیستەمە دروست دەکات، سیستەمی دوو ئەنجومەنی ڕێگرە لەبەردەم پێشێلکردنی ماف‌و ئازادی هەرێمە بچوکەکان.

دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن: گەرچی لەم ڕووەوە، ڕژێمە فیدڕاڵیەکان، جیاوازییان هەیەو لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام دەکرێت دابەشی سەر سێ جۆر بکرێت، ئەویش ﴿ڕژێمی سەرۆکایەتی، ڕژێمی حکومەتی ئەنجومەنی، ڕژێمی پەرلەمانی﴾ بەشێوەیەکی گشتیش ڕژێمە پەرلەمانییەکە باشترو گونجاوترە، چونکە ئەو دەستەڵاتی زۆرترو توانایی چاودێری‌و لێپێچانەوەشی تەنانەت لەگەڵ سەرۆکی وڵاتدا هەیە.

دەستەڵاتی دادوەری: ئەگەرچی ئەرك‌و مافی هەرێمەکان‌و ڕاددەی دەست ڕۆیشتویی هەر هەرێمێك لەچوارچێوەی دەستوری دەوڵەت ڕێکدەخرێت، بەڵام ئەوە بەومانایە نییە کەهیچ گرفت‌و کێشەیەك لەنێوان هەرێمەکاندا ڕوونادات، بۆیە واپێویست دەکات لەهەموو دەوڵەتێکی فیدڕاڵدا دەستەڵاتێکی دادوەری باڵا هەبێت، بۆئەوەی کێشەو گرفتی هەرێمەکان یەکلایی بکاتەوەو هەرێمەکانیش لەکاتی پێویستدا پەنای بۆببەن، ئەوەی لەعێراقدا هەیە ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوەو تەفعیل نەکراوە.

جۆرەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی: چەندجۆرێك هەن، ئەوەی شایەنی ئاماژەپێدانە دووجۆرنل﴿ فیدڕاڵی نەتەوەیی، فیدڕاڵی پارێزگاکان﴾ جۆری یەکەمیان لەسەربنەمای جیاوازی نەتەوەیی‌و ئاینی دروست دەبێت، جۆری دووەمیان بەمەبەستی کارئاسانییە لەبواری بەڕێوەبردن‌و خەسڵەتی نەتەوەیی نییە، ئەگەرچی لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، خەریکە ئەو تێزە دەردەکەوێت کە ﴿فیدڕاڵی پارێزگاکان﴾ زۆرتر لەخزمەت‌و قازانجی هاوڵاتیاندایە بەڵام کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە، نەك ئیداری.

کۆسپەکانی بەردەم فیدڕاڵیەت لەعێراقدا: ئەگەرچی لەساڵی(٩٢)ە وە پەرلەمانی کوردستان‌و سەرکردایەتی سیاسی کورد، دروشمی فیدڕاڵییان بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی بەرزکردۆتەوە، بەڵام دەبینین زاڵی عەقلیەتی شۆڤێنی عەرەبی‌و نزمی ئاستی هۆشیاری تاکی عێراقی گەورەترین بەربەستن لەبەردەم پراکتیزەکردنی فیدڕاڵیەت، تائێستا بەشێکی زۆری عەرەبی عێراق بەچاوێکی پیرۆزەوە تەماشای جوگرافیای عێراق دەکەن‌و هەردابەشکردنێك بەلایانەوە کوفرێکی گەورەیەو ئەم مەفهومەیان پێ هەزم ناکرێت، ئەوە جگە لەوەی سوننەکان بەردەوام دژایەتی ئەم چەمکە دەکەن‌و لەهەوڵی بەمەرکەزی کردنەوەی سەرجەم دەستەڵاتەکاندان، لەلایەکی دیکەشەوە پێکەوە ژیان پێویستی بەئاستێکی بەرزی هۆشیاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەیە کەبەداخەوە ئەو هۆشیارییە لەنێو ئێمەدا غائبە بەڵام دەکرێت بڵێین تاکە ڕێگای دەربازبوون لەو گرفتە ئەمنی‌و ئابووریەی کەئێستا عێراقی تێکەوتووە دابەشکردنیەتی بۆ سێ هەرێم کەبەپێی یاسایەکی ڕوونی پشتگیری کراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکبخرێت‌و وڵات لەو فەوزا سیاسیە ڕزگاربکرێت، دەنگی بەرزی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن‌و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەش هەر بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن. سیستەمی فیدڕاڵیزم ئێستا زیاد لەبیست دەوڵەت جێبەجێی دەکات‌و ئەنجامگەلێکی باشی لێبەرهەم هاتووە، وەك﴿وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، سویسڕا، ئەڵمانیا، هیندستان، ئیماڕات......هتد﴾.

ئەنجام:.

لەم بابەتەدا، تاڕاددەیەك ئاشان بووین بەچەمك‌و پێناسەی فیدڕالیزم‌و جۆرەکانی‌و گرفتەکانی بەردەمی لە عیراقدا، تیشکمان خستە سەر پاڵنەرە کانی پشتی ......سیستەمێکی لەو شێوەو ئامانجە سیاسی‌و ئابووریەکان، ئاماژەماندا بەوەی تاکە ڕێگای دەرباز بوون جێبەجێبکردنی سیستەمی فیدڕاڵی‌و دابەشکردنی عیراقە بۆ سێ هەرێم. هەڵبەتە یان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دواوەو دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەینەوەو بەدوای پیاوی بەهێزدا بگەڕێین کەلەگەڵ سروشتی ئەم سەردەمەدا ناگونجێ یان دەبێت جورئەتی ئەوەبکەین بڕیاربدەین‌و هەنگاو بەرەو پیادەکردنی سیستەمی فیدڕاڵیزم بهاوێین، دەکرێت بەهەنگاوی لەو شێوەیە ئاشتی‌و ئاسایش‌و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی ئەم وڵاتە بهێنینەدی.

سەرچاوەکان:

جگە لەم سەرچاوانەی لەپەراوێزدا ئاماژەم پێکردوون و بەکارم هێناون، سودم لەم سەرچاوانەش وەرگرتووە.

١- گۆڤاری توێژینەوە، ژمارە یەك و ژمارە سێ.

٢- کتێبی ( دفاتما عن الفيدرالية ).

٣- زمانە فەرمییەکان لەدەستوری وڵاتە فیدراڵییەکاندا.

پەراوێزو سەرچاوەکان:.

حوسێن محمد عزیز، فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ، چاپی سێیەم/سلیمانی ٢٠٠٤ لاپەرە ٤٩ .

وەرگیراوە لەسەیوان کاکەڕەش، بەراورد لەنێوان ڕژێمە فیدڕاڵییەکان، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی.ن.ك ) سلێمانی لاپەرە ٥ .

سەیوان کاکەڕەش هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

وەرگیراوە لەدیلمان محمد، فیدڕالیزم و ئۆتۆنەمی لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری،سلێمانی ٢٠٠٢ لا ٧٧ .

دیلمان محمد هەمان سەرچاوە

عەلی ئەلشەمەری، فیدرالیزم و سیستەمەکانی یەکێتی فیدرالی،و:حسن یاسین، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی.ن.ك ) سلیمانی ٢٠٠٤ لا ٦٢ .

علی ئەلشەمەری هەمان سەرچاوە.

ئەمیر خوداکەرەم محمد، رەهەندەکۆمەڵایەتی و ئیتنیکیەکانی فیدرالیزمی هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥ لا ٨٧ .

ئەمیرخودا کەرەم محمد، هەمان سەرچاوە.

ئەسعدولا ئەلەم، بنچینەکانی فیدرالیزم،و: رێباز مستەفا چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ، ٢٠٠٤، لا١٢٢ .

ئەسەدولا، هەمان سەرچاوە.

حوسێن محمد عزیز، سەرچاوەی پێشوو،لا٥٠ .

حوسێن محمد هەمان سەرچاوە.

حوسێن محمد، هەمان سەرچاوە.

حوسێن محمد، هەمان سەرچاوە.

حوسێن محمد، هەمان سەرچاوە.

فەرهەنگی سیاسی نوێ، وەرگێڕانی لەفارسییەوە زاهیر محمدی و یاسین حاجی زاوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٦لا٦٣٨ .

ئەحمەدی عەزیزی، فیدرالیزم سیستەمی فیدراڵی، گۆڤاری نۆڤین، ژمارەیەك، ئایاری ٢٠٠٤، لا ٧١ .

مۆنتسکیۆ، روحی یاساکان،و: ئیدریس شێخ شەرەفی، ٢٠٠٣لا ٢١٥.

عوسمان علی، فیدرالیەتی عیراق لەنێوان چەمکی ئیسلامی و چەمکی رۆژئاوایی،و: کامەران بابان زادە، هەڵەبجەی شەهید،٢٠٠٢، لا ٧ .

عوسمان عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو..

# ئینتمابوون لە کوردستانی بوونەوە بۆ عێراقی بوون

## " سەرەتای هۆشیاری لای تاکی کورد"

**حسن مینه نبی**

چەمكو ماناكان بۆ هەتا هەتایە چەقبەستوو نین، بەپێی شوێنو سەردەمەکان، تازەو نوێ دەبنەوە. ئەگەر جاران ئینتما بۆ نیشتیمان، ئینتما بوون بێ بۆ پارچە خاکێکی دیاریکراو، ئەمرۆ وەك (مەریوان وریا قانع) دەڵێ" ئینتمایە بۆ ئەو خاكو شوێنو جێگەیەی کە داخوازیو خواستە مرۆییەکانت جێ بەجێ دەکات" مەریوان دورتر دەڕوات پێی وایە:دەکرێ تۆ نیشتیمانو نەتەوەیەکت نەدیتبێ بەڵام بەهی خۆتی بزانی.. ئەگەر ئەوانەی بە کۆچکردنیان بۆ دەرەوە ئەم قسانە ساغ بکەنەوە، ئەوا ئێمە کە توانای رۆیشتنمان نییە، ناچارین ئینتیما بۆ عێراقی بوون تۆخ بکەینەوە. پاش ١٦ساڵ، لە بەدبەختیو بێ نرخی بە مرۆڤی کورد، لە کوردستاندا، کە ئینتمابوون بۆی پێشتر قوڵاییەکی وای هەبوو، مرۆڤ خۆی بۆ شەهید دەکرد، ئەمرۆ، ئەم پارچە زەویە جگە لەمایەی ئازارو ناسۆر، وەك کارگەیەکی گەورە وایە، کرێکارێکی زۆر رەنجی تێدابدات بۆ کەمینەیەکی زۆر کەم. بردنەوەی عێراق لەسەر ئاستی ئاسیا، ئەو رژانە گەورەیەی خەڵکی کوردستان بەتایبەت سلێمانی، ئەگەر بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقەو سکرتێری یەکێتی نیشتیمانییە، دیسان لەلای ئەولاش کەمتر ئەو جۆشو خرۆشە بەرچاو کەوت، کە هەمان هۆکاری لەپشتەوە بوو. ئەوا بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئینتما بۆ عیراقی بوون لەبەر چەند هۆیەك:- هەموو دەزانین ئەگەر تەنیا یەك مانگ بودجە نەگات لە بەغداوە لە کوردستان چی دەقەومێ کە کوردستان تەنها دەستی پان کردۆتەوە وەك کورو باوك. (٢)شازدە ساڵ حوکمی کوردی لە جیاتی کرانەوەو بەخۆ داچوونەوە، خەریکە لە رێککەوتنی ستراتیژی خۆیاندا هەموو گۆشەنیگایەك بۆ کرانەوەو گۆران دەکوژن، بەڵام لە عێراقدا تەنها لە (٢٤) ساڵی رابردوودا چەندین حکومەت گۆڕاوەو پێکهاتنی کابینەی نوێو ئەو هەموو شەرە قسەی ناو پەرلەمانو کشانەوەی کوتلەو وەزیرەکانو ئاشکراکردنی گەندەڵیو چالاکی دادگاو، ئەگەر بۆ ئەمرۆی عێراق مایەی ناسەقامگیری زیاتر بێ، ئەوا لە سبەینێیەکدا مایەی گەورەبوونێکی گەورەیە.. وڵاتە پێشکەوتووەکانو بەتایبەت رۆژئاوا بەم ناسەقامگیریەدا تێپەڕیون، تا گەیشتوونەتە سەقامگیری ئەمرۆ، بەڵام مەرج نییە کۆمەڵگای هێمن کۆمەڵگای بەختەوەری بێ، عێراقی پێشوو هێمنو دیکتاتۆر بوو، کوردستانی ئەمرۆ هێمنو گەندەڵە...(٣) ئەمرۆ تاکی کوردی باش دەزانێ، فەشەلهێنانی عیراق واتە شکستهێنانی ئیدارەی کوردستان بەتایبەتی لەرووی داراییەوە، بە پێچەوانەشەوە. (٤) لاسایی کردنەوەی بۆ حکومەتی عیراق، لە نموونەی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان، یا ئومێدی دروستبوونی دەستەی نەزاهەت، یا سەربەخۆیی دادگا، باشترین نموونە ئەو سەرۆك جاشانەی دەستیان لە ئەنفالدا هەبووە، دەسەڵاتی کوردی شاردونیەتەوە، بەڵام دادگای عیراق خەریکە مەحکەمەیان دەکات، لەکاتێکدا بەپێی نوێترین هەواڵ سەرکردەیەکی کورد هەواڵ دەدات سەرۆك جاشەکان دادگایی نەکرێن. لەگەڵ ئەو یادەوەریە تاڵەی کورد لەگەڵ عەرەبی شۆفێنیدا هەیەتی، لەگەڵ ئەو یەکدی خواردنو شەرە تائیفیەی کەهەیە (بەشێکی زۆری شەری ناوچەیی وڵاتانی زلهێزی دنیایە لە عێراقدا دەیکەنو تەسفیەی حسابات دەکەن، وە کەڵەکە بوونی هەڵە گەورەکانی ئەمریکایە، کە عیراقیان کردۆتە گۆمی خوێن، ئەگەر هەموو ئەوانە نەبوویان، عێراق وڵاتێکی دیکە دەبوو، ئەوکاتە کوردستانیش بە ناچاری هەرێمێکی دی دەبوو) عێراق لە لێواری سەرکەوتن یا دۆڕانێکی گەورەدایە، مرۆڤی کورد چاوی لەو ئاسۆنادیارە بڕیوە، وەك گوتمان ئەو تاکە ئومێدو ئاسۆیەی ماویەتی لە عێراقو گۆڕانی عێراقیدایە، ئەگەرنا ئەو زەویەی پێی دەڵێن، کوردستانی باشوور باوەڕم وایە جگە لە یاریگایەکی گەورەو ئێمەی تەماشاچی بێ دەسەڵات هیچی دی نییە.



## له پەراوێزی نەخشە پێشنیارکراوەکەی جۆزێف بایدن دا....

# دابەشکردنی عێراق لە بەرژەوەندی هەمواندایە



**کامەران عەبدە ساڵح**

لەم ڕۆژانەدا، چەند ئاژانسێکی هەواڵی جیهانی بڵاویانکردەوە کە پەیمانگای (برۆکفنز) بۆ دیراساتی ستراتیژی لە ئەمریکا، پلانێکی تازەی خستۆتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئیدارەی کۆشکی سپی لەپێناو گەڕانەوەی ئارامیو سەقامگیری لەعێراقدا، لەپلانەکەدا تەئکید لەوەکراوەتەوە کە کێشەی عێراق بەهێزی سەربازی چارەسەر ناکرێت، تاکەڕێگە دابەشکردنی عێراقە بەسەر سێ هەرێمدا کە هەڵکەوتە جوگرافیە سروشتییەکان سنورەکانی هەرسێ هەرێمەکەی دیاری کردبێت. بەگوێرەی ئەو پلانە، هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەی سنورەکەی بەدیاردەخات، ڕەنگە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستور کێشەی ئەم هەرێمە چارەسەربکات. هەروەك پێشنیاریشی کردووە هەریەك لەو سێ هەرێمەی عێراق ناسنامەیەکی جیای هەبێت، داواشی کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی نەبینێت، بەڵکو زۆربەی کارەکانی بە نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بسپێردرێت. لەلایەکی دیکەوە، ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیۆیۆرك تایمز) باس لەو گرنگیپێدانە دەکات کە ئیدارەکەی جۆرج بۆش دەیدات بە نەخشە پێشنیارکراوەکەی سیناتۆری ئەمریکی (جۆزیف بایدن) کە سەبارەت بە دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ کیانی شیعەو سونەو کورد کە لەژێر سایەی یەك حکومەتی ناوەندیدا بێت بەشێوەیەکی لاوازتر لە حکومەتی ناوەندی. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی ناوبراو، بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی ئەوەی تەئکیدکردۆتەوە کە واشنتۆن نزیکبۆتەوە لە نەخشەکەی بایدن، هەروەك لە زاری سیاسەتمەدارێکەوە نووسیویەتی : ئیدارەی بۆش چەند ئاماژەیەکی ئیجابی بەو نەخشەیە داوە، باسی لە سەردانێکی جۆزێف بایدنیش کردووە بۆ نیۆیۆرك کە بۆ وتووێژکردن بووە لەگەڵ ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو پرسە، بە دەنگەوەچوونێکی زۆرباشی هەبووە. لەچوارچێوەی کۆبونەوەکەی بایدن لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، نوێنەری یەکێك لە وڵاتانی هەمیشەیی ئەنجومەنەکە بە بایدن دەڵێت ( ئێوە کاتێکی دورودرێژتان سەرفکردووە تا بگەنە ئەم نەخشەیە) ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت ( بە هەرحاڵ ئێمە گەیشتوینەتە ئەو خاڵە، گرنگ ئەوەیە بزانین چۆن ئەو گۆڕانکارییە ئەنجام دەدەین). نیۆیۆرك تایمز جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێشوازیکردن لە نەخشەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ بەش لەژێر سایەی حکومەتێکی ناوەندیدا، لەلایەن پسپۆڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ڕوو لەزیادبوونە، بێگومان مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق دوای گوزەری زیاتر لە هەشتا ساڵ بەسەر دروستبوونی ئەو وڵاتەدا، کە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناسروشتیو لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی زۆرەملێیانەی سێ کۆمەڵی ئایینیو ڕەگەزی تەواو جیاوازەوە هاتە بوون، ئەگەرێکی لاوازە. بوش، بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی کە لە عێراقدا تێیکەوتووە، خوازیاری ڕەوانەکردنی هێزی سەربازی زیاترە بۆ بەغداو چەند شارێکی تر بێ گوێدان بەو دژایەتیکردنەی کە لەلایەن دیموکراتەکانەوە لەو ڕووەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە! لە کاتێکدا تاکەڕێگەی بە کردەوە بۆ ئاسایی کردنەوەی ڕەوشەکە کە پێویستە ئەمریکا کاری بۆ بکات، ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییەیە کە ئاماژەم پێکرد، خۆی لە دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ دەوڵەتی سەربەخۆ (شیعە لە باشور، کورد لە باکور، سوونە لە ناوەڕاست)دا دەبینێتەوە. هەرچەندە تا ئەم ساڵانەی دواییش بەلای واشنتۆنەوە ڕێگە چارەیەکی لەو جۆرە جێی بایەخ نەبووە، بەڵام گۆڕانی بارودۆخ پێویستبوونی گرتنەبەری ئەم ڕێگە چارەیەی کردۆتە ئەمری واقیع. گومانی تێدا نییە کە ئەگەر دەرفەتێك بڕەخسێت، کورد لە کوردستانی لکێنراو بە عێراق، هەرگیز خوازیاری بوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز نییە لە بەغدا، چونکە لە ماوەی دەیان ساڵی مێژووی دروستبوونی عێراقدا جگە لە شەڕو کوشتاروماڵوێرانی هیچی تری لە دەسەڵاتی مەرکەزی نەبینیوە.

ڕەنگە ئەزمونی یوگسلافیا کە دوای شەڕی جیهانی دووەم بڕیویەتی، باشترین هاندەرو نمونەی دڵخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی بەرەو دابەشکردنی عێراق هەنگاو بنێین، ساڵی 1946( مارشاڵ تیتۆ ) کۆمەڵێك ڕەگەزی جیاجیای لە چوارچێوەی یوگسلافیای یەکپارچەدا بە زۆرەملێ کۆکردەوە، هەرچەندە خۆی کرواتی بوو بەڵام وڵاتی لە ( بەلەگراد )-ەوەو لەنێو زۆرینەی سربەکان بەڕێوە دەبرد، بە گوێرەی کەسایەتی خۆیو بە سیاسەتێکی تاکلایەنانە توانی ئاسایشو ئارامی بچەسپێنێت، کەچی هەر کە لە ساڵی 1980 دا کۆچی دوایی کرد چەند بەشێکی یوگسلافیا جیا بوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، سربەکان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ڕەوشەکە زۆر نامرۆڤانە کەوتنە گیانی موسوڵمانەکانی بۆسنەو کرواتەکان، گەرچی سەرەتا ڕۆژئاواییەکان بێدەنگ بوون لە ئاست ڕەوشەکەدا، بەڵام دواتر کردەوەی سربەکانیان سەرکۆنە کرد، ئیترنەتوانرا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێتەوەو دواجاریش سربەکان بە ناچاری دانیان نا بە دابەشبوونی وڵاتەکەیان. ڕوونترین وانەیەك کە لە پرسی یوگسلافیادا دەستمان بکەوێت ئەوەیە کە ( بوونی هێزێکی سەرکوتکار باشترین چارەسەری مانەوەی یوگسلافیای یەکپارچە بوو، بەڵام دواجار شکستی هێنا). حیزبی بەعس لەماوەی دەیان ساڵی دەسەڵاتیدا، بە تیرۆرو سەرکوتکردن توانی یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت، لە ئێستایشدا کە ئەو حیزبە تاکرەوە بوونی نەماوە، جێی خۆیەتی هەر سێ کۆمەڵەکە بەتایبەت کوردو شیعە کە لە سەردەمی دورودرێژی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی یەکپارچەدا بە دەست دەسەڵاتی مەرکەزییەوە زوخاویان چەشت، هەوڵی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بدەن، بێگومان بە کارێکی ئەوتۆ هەم گەلانی عێراق دەکەونە ئاسایشەوە، هەم ئەمریکایش لەو دۆزەخە ڕزگاری دەبێت کە لە عێراقی یەکپارچەدا تێیکەوتووە.

## رەفیق سابیر:

# شیعر تەنانەت لە شانۆو ڕۆمانیشدا بەشێکی گرنگی ماهییەتی خۆی بۆ سودی ئەوان، لەدەست دەدات



دیداری: بەهمەن غەفور

رەفیق سابیر: لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٠، قۆناغی خوێندنی لەزانکۆی بەغداد بەشی کوردی لەساڵی١٩٧٤ دا تەواو کردوە، لەساڵانی ١٩٧٤ تاکو ١٩٧٨ کاری رۆژنامەنوسی کردوە لەساڵی ١٩٧٩ تاکو ١٩٨٢ پێشمەرگەی نیشتیمان بوە، لەساڵی ١٩٨٢تاکو ١٩٨٧ لە وڵاتی بولغاریا لە ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەشی فەلسەفە خوێندویەتی، لەساڵی ١٩٩١ تاکو ٢٠٠١ لەسوید سەرنوسەری گۆڤاری ڕابون بوە، هەنوکە سەرۆکی مەڵبەندی کوردۆلۆژیە لەهەرێمی کوردستان.

زنار: ئایا دەکرێت نەوەی دوای ڕاپەڕین بە نەوەیەکی جیاواز لە پێش ڕاپەڕین ببینین؟ چەند دەنگێکی نوێ ی دوای ڕاپەڕین هەیە، تا چەند ئاگاداری شیعرەکانیانیت

رەفیق سابیر: هەر نەوەیەکی ئەدەبی تەنیا تایبەتمەندی خۆی نیە بەڵکو دەشێت لە کۆمەڵێك لایەنەوە لە نەوەکانی پێشتر جیاوازیش بێت. بەڵام ئەم تایبەتمەندیو جیاوازیە مەرج نیە هەمیشە بەو مانایە بێت کە داهێنانی شیعریو ئەدەبی لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزترو مۆدێرنتر برابێت، یان سەرەتایەکی نوێ بۆ ئەدەبی نەتەوە داهێنرابێت. چونکە داهێنان پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە زمانەوە نیە، یان دروستتر بڵێم داهێنان لە سنووری شوێنو زەمانێکی دیاریکراودا قەتیس نابێت. ئەو تێکستەی ئیمرۆ دەنوسرێت با جیاوازیش بێت بەڵام مەرج نیە، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هێنراوەتە بەرهەم، لە زۆر تێکستی تر، کە دەیانو سەدان ساڵ لەمەوبەر نوسراون گرنگتربنو کاریگەری زیاتریان لە ژیانی ئێمەدا هەبێت. شەیکسپیرو دانتیو دۆستۆیۆفسکیو رامبۆو نالیو سەدان نووسەری دیکەی جیهانی، دوای تێپەربوونی سەدان ساڵ بەسەر بەرهەمەکانیاندا، هێشتا لەگەڵ ئێمەدا دەژین بە فراوانی دەخوێندرێنەوە، چونکە بەرهەمەکانیان لەپاڵ بەرزی لایەنی هونەری دا، دەتوانن وەڵامی گەلێك پرسیاری فەلسەفیو رۆحیو جودایی مرۆڤی ئەم سەردەمە بدەنەوە. کەچی رۆژانە لای خۆمانو لە زۆر ووڵاتی تردا بە دەیان تێکستو بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکرێنەوە کە هەر لە سەرەتاوە بە مردوویی لەدایك بوون. من لەبەر ژیانی دووره وڵاتی، بە داخەوە، هەموو ئەو بەرهەمانەم نەدیوە کە نەوەکانی دوای راپەڕین بڵاویان کردۆتەوە، بەڵام بەشێك لەو بەرهەمانەی بەرچاوم کەوتوون هەوڵدانی جدینو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، چونکە نوسەرەکانیان دەیانەوێت بە ستایلی جیاواز تایبەتی خۆیان بنوسنو زایەڵەی شاعیرانی پێش خۆیان نەبن. کەچی بەشێکی دیکەیان، کە بەداخەوە زۆرینەن، زیاتر لاساییکردنەوەی کەسانی ترو کۆپی کردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی ترن. بەڵام ئەگەر مەبەست لە جیاوازی تێپەڕاندنێکی نەوعی بێت ئەوا من زۆرینەی شیعرینەوەی دوای راپەڕین بە

بەردەوامبوونی شیعری نەوەی پێش راپەڕین دەزانم دابرانێکیو شیعریو جیاوازیەکی گەورە لە زمانی شیعرو لایەنی هونەریو ئێستاتیکی ئەواندا نابینم. شاعیر و نووسەر چەند بەهرەمەند بێت، ناتوانێت تەنیا بە پشتبەستن بە بەرە درێژە بە داهێنان بدات. تێکستی گرنگو گەورە تەنیا بەرهەمی بەهرەی رووت نیە، بەڵکو پێشتر هەر شتێك بەرهەمی زانینو ئاستی رووناکبیری فیکری نووسەرەکەیەتی.

**زنار: لە ئێستادا تەوژمێکی شیعری لە ئارادایە چۆن دەڕوانیتە ئەم تەوژمە**

رەفیق سابیر: بەڕای من ئێستا شیعری کوردی، وەك سەرجەمی ژیانی رووناکبیری، سیاسی، ئابووریمان لە ئاژاوەو تەنگەژەدایە. ئێمە لە نێو ژیانێکی ناساخی رووناکبیری، سیاسیو کۆمەڵایەتی دا ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە ژیانی ئەدەبی ڕوناکبیریمان ساخو بێ گرفتو پڕ داهێنان بێت. ئەوەی ئیمرۆ لە شیعری کوردی دا زاڵە تەوژمی ئاژاوەو پاشا گەردانیە، شێواندنی جوانیو زمانو زەوقی گشتییە، نەك تەوژمی داهێنانو گواستنەوەی ئاستی هونەریو ئیستاتیکی شیعری کوردی بۆ ئاستێکی نوێ. سەرەنجام دەگمەن بوونی دەنگی نوێی شیعرییە. ئێمە لە نێو ئەو تۆفانی شیعرییەدا کە بڵاوکراوە ئەدەبیەکانو هەندێك لە رۆژنامەکان، بۆ پڕکردنەوەی لاپەرەکانیان، بەوپەری بێ زەوقیەوە برەوەی پێ دەدەن، بە دەگمەن تێکستی جوانو داهێنەرانە دەبینین. هەندێك بە ناوی نوێخوازییەوە، هەندێکی دی بە ناوی یاریکردن بە زمانەوە ( کەڕەنگە یاری کردن بێت بە ووشە) ئەم بێزەوقیە بە خوێنەر دەفرۆشن. ئاشکرایە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان یاری کردن بە زمانو یاریکردن بە وشە هەیە. یاریکردن بە ووشە ڕەنگە زۆرجار لە نەزۆکی ئەدەبیو نەبوونی بابەتو هەژاری خەیاڵو بێتواناییەوە بێت، کەچی یاریکردن بە زمان لە زانینو توانستو داهێنانەوە دێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت یاری بە هەرشتێك بکات، لە تۆپی پێو ئامێری مۆزیکاوە تازمان، پێویستە هونەرو تەکنیکی یاریەکە بە باشی بزانێت. کەسێك زمانێك بە باشی نەزانێتو ئەزموونی تەواوی لەگەڵ زمانەکەدا نەبێت چۆن دەتوانێت یاری بەو زمانە بکات؟ ڕاستیەکەی هەر تێکستێکی گرنگ خۆی لە خۆیدا یاریکردنە بە زمان، چونکە داهێنانە لە زماندا، ئاشکرا کردنی نهێنیو توانا شاردراوەکانی زمانە. بۆیە یاریکردن بەزمان تێکشکاندنی ڕستەو گراماتیك نیە، گۆڕینی ووشە لەماناوە بۆ دەنگ نیە. ئەم تێگەیشتنەوەی یاریکردن بە زمان وەك دیاردەیەك، سەرەتا لەگەڵ شەپۆلی شیعری مۆدێرن لە ئەوروپادا دەرکەوتو تەنیا چەند دەساڵێك بەردەوام بوو. ئەو کاتەی ئەم دیاردەیە لە ساڵانی هەشتاکان بە دوواوە، لە ڕێی ئەدەبی عەرەبییەوە گەیشتە ئێمە، زۆر لە مێژ بوو لە شیعری ئەوروپاییدا بوو بوو بە بەشێك لە رابردوو، کە دەبێت لە مۆزەخانەو کتێبیی ئەدەبیدا بۆیان بگەڕێیت. بە کورتی لە نێو ئەم تەوژمە شیعرییەی تۆ باسی دەکەیت بە دەگمەن شاعیرانێك هەن کە ستایلو شێوازی شیعری تایبەتی خۆیان هەبێتو لە خۆیان نەبێت لەکەسی تر نەچن. زۆرینەوی شاعیرانی ئیمرۆ لاسایی یەکتریو لاسایی ئەم یان ئەو شاعیر دەکەنەوە. زمانی شیعریو شێوازو وێنەی شیعریو ستایلی کەسانی دی دێننەوە بەرهەم ئەم جۆرە شیعرانە ببن یان نەبن شتێك لە شیعری کوردی زیاد ناکەن. کە ئۆرجیناڵ هەبوو، کۆپیەکەی زیادەیە. بۆیە بوونو نەبوونیان وەك یەکە. بە داخەوە ئەوان بەهۆی خراپی سیستمی پەروەردە، یان بەهۆی کەمتەرخەمی خۆیانەوە، جگە لە کوردی زمانێکی دیکە نازانن. بۆیە ئاگایان لە شیعری گەلانی دیکە نیە. لەپاڵ ئەمەدا نەبوونی مەرجو پێوانەی ئیستاتیکی بۆ بڵاوکردنەوەو نەبوون یان دەگمەنبوونی رەخنەی جیدیو بەرپرسانە زەمینەی ئەم ئاژاوەیان ئامادەتر کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشداکۆمەڵە دەنگێکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەرکەوتوون کە هەریەکەیان بە تایبەتمەندیو ستایلی شیعری خۆیەوە درێژی بە داهێنانو پێشخستنی شیعری کوردی دەدەن. رەنگە



# هەر تێکستێکی گرنگ یاریکردنە بە زمان، چونکە داهێنانە لە زماندا، ئاشکرا کردنی نهێنیو توانا شاردراوەکانی زمانە



# شیعری كوردی، وەك سەرجەمی ژیانی رووناكبیری، سیاسی، ئابووریمان لە ئاژاوەو تەنگەژەدایە

ئەم جۆرە ئاژاوەو قەیرانە شیعرییەی لای ئێمە هەیە لە مێژووی ئەدەبیی زۆر گەلاندا بووبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە هەر ئەو جۆرە دەنگانە ماونەتەوەو دەمێننەوە كە تایبەتمەندو جیاوازن‌و بە راستی شیعرن.

زنار: رای بەرێزی لە بارەی شیعری نوێی سیاسی چییە

رەفیق سابیر: شیعر وەك داهێنانێك لە زمانداو وەك ئەنجامی هەستكردن بە شتێك‌و ژیان لەگەڵ شتەكەدا، ئامانجێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی ، ئایدۆلۆژی، ئاینی‌و وەرزشی... تاد نییە. هەركام لەو مەسەلانەی باس كران كەرەستەو ئامرازی تایبەت بە خۆیان هەیە كە بەهۆیانەوە ناوەرۆكە ئامانجی خۆیان دەردەخەن. بۆیە كاتێك شیعر وەك ئامرازێكی پروپاگەندە بەكار دەهێنرێت، بە خۆی‌و ماهییەتی خۆی نامۆ دەكرێت‌و سەرەنجام شتێك بە نێو شیعرو شیعرییەتەوە نامێنێت. لەمەیش زیاتر شیعر تەنانەت لە شانۆو رۆمانیشدا بەشێكی گرنگی ماهییەتی خۆی، بۆ سوودی ئەوان، لەدەست دەدات. شیعری سیاسی، لەوانە شیعری سیاسی لە ئەدەبی كوردی دا، بە زۆری ئامانجێكی سیاسی‌و رواڵەتێكی پروپاگەندە ئامێزی هەیەو كارێكی ئاسانە چونكە پشت بە بیرو مەسەلەیەكی پێش وەخت‌و حازر بەدەست دەبەستێت‌و پێویستی بە پشكنین‌و ئاشكرا كردن نیە. لە هەمان كاتدا لەشكرێك گوێگرو خوێنەری حازری هەیە كە لایەنگری ئەو بیرە سیاسیەن. دیارە ئەم بۆچونە بەو مانایە نییە كە نابێت شیعر بەلای مەسەلەی سیاسی‌و گرفتە كۆمەڵایەتیەكاندا بچێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە كە مەسەلەیەكی سیاسی ( یان مەسەلەیەكی دی) چۆن لە شیعردا باس دەكرێت. تا چەند شاعیر دەتوانێت سەركەوتووانە لە شیعردا پارسەنگی نێوان مەسەلەیەكی سیاسی- فیكری‌و نێوان ئاستی هونەری‌و ئێستاتیكی تێكستەكەی رابگرێت. شیعر ( سیاسی ) بێت یان پەیوەندی بە هەر مەسەلەیەكی فیكری، فەلسەفی‌و وجودییەوە هەبێت پێویستە پێش هەر شتێك شیعر بێت.

زنار: لە كاتی خوێندنەوەی قەسیدەیەكتدا هەست بە گرفتی نووسین یان خوێندنەوە ناكرێت لای خوێنەر، دیارە قامووسی شیعریت تەواوو كاملە. پرسیارەكەم ئەمەیە، ئایا ئەم فراوانبوون‌و درەوشانەوەیە لە كوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئایا ئەزموونە، یان قاڵبوونەوەیەكە شیعرییە

رەفیق سابیر: خۆشحاڵم ئەگەر هەندێك لە شیعرەكانم بەو شێوەیە بن كە تۆ باسی دەكەیت. ئەوەندەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت هەمیشە لەو باوەڕەدابووم كە شیعر كارێكی ئەدەبی‌و هونەری سەختە، ئەگەر سەختترینیان نەبێت. شیعر سەختە چونكە شیعر پێش هەر شتێك پشت بە خۆی دەبەستێت. هەروا وەك داهێنانێك لە زماندا زیاتر لە هەر كارێكی دیكەی ئەدەبی پێویستی بە گوڵبژێركردنی پەیڤ‌و دۆزینەوەی مانای نوێ لە پەیوەندی نێوان وشەكاندا هەیە. لە هەمان كاتدا چڕ كردنەوەو ناراستەوخۆیی‌و دووركەوتنەوە لە شەرحكردن‌و روونكردنەوە تایبەتمەندیەكی دیكەی شیعرە. ئاشكرایە ئەزموون‌و قاڵبوونەوە لە هەر كارێكدا، لەوانە لە كاری ئەدەبیدا، دەرگای زەمینی نوێ‌و جیهانی نوێ بە رووی مرۆڤدا دەكەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بە تەنیا بەس نین.

زنار: شیعری ئیمرۆ بۆ نموونە كتێبیكی وەک شێركۆ بێكەس‌و رەفیق سابیر تەنیا چەند سەد دانەیەكی لێ دەفرۆشرێت، بەڵام كتێبی هەندێک شاعیری گەنج، بۆ نموونە......... چەند هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت. ئەم جیاوازیە چیە


رەفیق سابیر: من دڵنیانیم كە كتێبی كاك شێركۆو من تەنیا چەند سەد دانەیەكی لێ دەفرۆشرێت، بەڵام ئەگەر گریمان وایش بێت، ئایا دەتوانین بازار بكەینە تاكە پێوەری باشی‌و خراپی شیعر؟

ئایا دەزانیت کاتی خۆی کتێبی (وەرزێك لە دۆزەخ)ی رامبۆ تەنیا پەنجا دانەی لێ چاپ کرا. کاتێك (مالارمێ) مرد تەنیا پێنج کەس بە دوای جەنازەکەیەوە بوون. ئیمرۆ لە وولاتێکی وەك سوید هەر شاعیرێك، بەوانەشەوە کە خەلاتیی نۆبلیان وەرگرتووە، تەنیا هەزار دانە لە دیوانەکانیان چاپ دەکرێت. ئەم دیاردەیە نە بەمانای کۆتاییهاتنی شیعرە، نە واتای کەم بایەخی شیعری ئەم شاعیر یان ئەو شاعیر دەگەیەنێت. شیعر هونەرێکی جەماوەری نیە. بۆیە برەوی فرۆشی کۆمەڵە شیعری هەر شاعیرێك دەبێت وەك حاڵەتێکی تایبەت سەیر بکرێت، نەك وەك نیشانەیەك بۆ کەمبوونی خوێنەری شاعیرانی نەوەی پێشوو. شیعرەکانی شاعیر هەستی عاشقانەو رۆژانەی خۆی بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی‌و ژیان دەردەبڕێت. ئەمجۆرە شیعرە، کە لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە، تا رادەیەکی زۆر تایبەتە بە گەنجان، یان رووی لە گەنجانە، پێدەچێت ئەو مێسیجە شیعریە، کە پوختو سادەو راستگۆیانەیە، گەیشتبێتە لاوان‌و کاری خۆی کردبێت. بەڵام ئایا دەکرێت ئێمە تاکە مۆدێلێك، یان ستایلێکی شیعری بکەینە پێوەر؟ بە رای من ئەوانیش کە بە کەمی لەم جۆرە شیعرانە دەروانن‌و تەنانەت بە شیعریان نازانن هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەوان مۆدێلێکی دیاریکراوی شیعریان بە دڵەو کردوویانەتە تاکە پێوەری شیعری. لە کاتێکدا شیعر خۆی وەك ژیان فرە جۆرە، فرە رەنگەو تەنانەت هەر شاعیرێك بۆ خۆی دیاردەیەکە تایبەتەو ناکرێت‌و نابێت لەگەڵ شاعیرێکی دیکەدا بەراورد بکرێت. بەڕای من هەر شاعیرێك دەشێت تەنیا لەگەڵ خۆیدا بەراورد بکرێت.

زنار: هەندێک قەسیدە هەن وەک مرۆڤ پیر دەبن

رەفیق سابیر: ڕاستە. زۆر قەسیدە هەن کە زەمان‌و ژیان نەك هەر بە زوویی رایان دەماڵێت، بەڵکو خۆیان بە مردوویی لە دایك دەبن. بە رای من لە بەرهەمی شاعیرێك، چەند زۆر بنوسێت‌و خۆی دووبارەو دەبارە بکاتەوە، تەنیا چەند قەسیدە، یان چەند هۆنراوەیەکیان دەتوانن بۆ داهاتوو بمێننەوە.

**ڕۆژانە لای خۆمان‌و لە زۆر وولاتی تردا بە دەیان تێکست‌و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکرێنەوە کە هەر لە سەرەتاوە بە مردوویی لەدایك بوون**



# رۆڵی ژن لە مێژووی کورددا١٢١٤٩

ئاراز رەمەزان

دەبێ هەر لەسەرتاوە دان بەو راستیەدا بنێین کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر کەمە، رەنگە هەژارترین لاپەڕەی ئەو لایەنانەش، رەوش‌و پێگەی ژنانی کورد بێ، لەو کۆمەڵگەیەدا نەك تەنها لەسەردەمە مێژووییەکاندا، بەڵکو لە رۆژانی ئەمڕۆشدا هەروایە، پشتگوێخستنی مێژووی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری‌و زیاتر پەرەدان بە مێژووی سیاسی بارێکە رەنگبێ هەموو گەلانی رۆژهەڵات بگرێتەوە. بەڵام لای کورد بەهۆی ئەو رەوتە مێژوویە ئاڵۆزەوە کە پێیدا دەرباز بووە، لە بارێکی زۆر خراپتردایە، بە بەراوردکردن لەگەڵ گەلانی دراوسێدا. ئەم دەڤەرە جوگرافیەی کە کوردستانی تێدایە، یەکێك بووە لە ناوەندە شارستانی‌و ژیاریە هەرە دێرینەکانی جیهان، واتە وڵاتی کوردان خاوەنی مێژوویەکی دێرینەو لە مێژووی گەلی کورد گەلێ کۆنترە. نە بەڵگەی مێژووییمان لەبەردەستدایەو نەهۆیەکی زانستی باوەڕپێکراوی واڵە ئارادایە وامان لێبکات، بیر لەوە بکەینەوە کە باری ژنانی کورد بەدرێژایی سەدەکانی مێژوو جیاوازیەکی ئەوتۆی هەبێ لەگەڵ باروگوزەرانی ژنانی گەلانی دراوسێ، ئەو باس‌و خواسەی کەدەڵێ: (نفرتیتی) لە کوردستانەوە براوە بۆ میسر، گوایە باخچە هەڵواسراوەکانی بابل‌و باشوری میزۆپۆتامیا لەبەر چاوی کاڵی کچێکی چیای کوردستانی کەژنی ئیمپراتۆر بووەو تەنها بەدیمەنی چیاو قەلا، دڵی کراوەتەوە، دروست کراون. هەروەها ئەوەی تۆما بوا دەیگێڕێتەوە کە ژنانی گۆتیان، کە بەبابە گەورەی کورد دادەنرێت، گەلێ جار سەرکێشی سوپاو هێرشەکانی ئەو گەلەیان کردووە، بەهیچ شێوەیەك هیچیان لەباری پڕ لە مەینەتی ژنانی کورد بەدرێژایی مێژوو سوك نەکردووە. ئەگەر خۆمان بەوباسانەوە خەریك نەکەین، ئەوا دەبێ بڵێین، زۆربەی بۆ نموونە: باوکی مێژوو نووسانی کورد، شەرەفخانی بەدلیسی باسی دەوڵەتی خانمان بۆدەکات کە لە ساڵی ١٣١٦-١٣١٧ز لە میرنشینی لوری بچوك لەدوای مردنی هاوسەرکەی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، باسی ئەوەشمان بۆدەکات کە لەو دەڤەرو کۆمەڵگە خێڵەکیە، سەردارانی هۆزو خێڵەکان لەم سەردەمەدا ئامادەنەبوون مل بۆ دەوڵەت خانم بدەن‌و ئەویش بەناچاری دەستی لەدەسەڵات هەڵگرت‌و بۆ میر عیزەدین حوسێن. شەرەفخان باسی حەلیمەخانی هەکاری‌و کوێخا نێرگزی شوانمان بۆ دەکات کە لەنێو کوردەکانی ئەو دەڤەرەدا ناوبانگیان دەرکردبوو. لەناو ژنانی شاعیرو نووسەری سەدەکانی رابردوودا شەرەف خانمی کوردستانی ١٨٠٥- ١٨٤٧کە بە مەستورە خانم ناوی رۆیشتبوو، جێگایەکی تایبەتی هەیە، مەستورە خانم سەرباری دیوانە شیعریەکەی کە بیست هەزار بەیتەو لە ساڵی ١٩٢٦ لە ژێرناوی(دیوان ماه شرف خانم کوردستانی – مەستورە) لەچاپ دراوەن خاوەنی کتێبی(تاریخ ئەردەلان) نیشە. ئەم کتێبەی ماه شرف خانم بە وتەی خانمە رۆژهەڵاتناسی رووسی (ڤاسیلیێڤا ) شوێنێکی تایبەتی لە هیتۆریۆگرافیای ئەردەلاندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. لەوانەیە هەموومان بزانین کە خانزاد خانمی خوشکی میر سلێمان فەرمانڕەوای میرنشینی سۆرانی بووە لەو کاتەی کە هەریر پایەتەختی ئەو میرنشینە بووەو دوای ئەوەی لە بەغداد میر سلێمان دەکوژرێت، ئەو خانمە میرزادەیە وەکو ئەمیری سۆران لەمێژوودا ناوی دەرکرد، بە وتەی مێژوو نووسان، گەلێ شوێنەواری لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، کە بەناوی خۆیەوە ماونەتەوە، لە بابەتی پردو مزگەوت‌و قوتابخانە، کە ئێستاش شوێنەواری کۆشکی خانزاد هەیەو دەڵێن، لەسەر لوتکەی چیای سەفینیش گۆڕەپانێك بەناوی خانزادەوە هەیەو هاوینان لەوێ وەکو شوێنی حەسانەوەی خۆی بەکاری هێناوە. هەروەها سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن، کە خانزاد بۆخۆی بەشداری شەڕی کردووەو خاوەنی رۆشنبیری‌و زانیاریەکی باشیش بووە. مەلا مەحمودی بایازیدیش لەوە دەکات کەلەوشەڕەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و روسیادا سەرلەشکری (لەو ئازایەتی‌و سەرکردایەتی قەرەفاتم دەکات کە لەکاتی شەڕی ١٨٧٧دا لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و روسیادا سەر لەشکری(٥٠٠)سواری کوردی دەکرد لەناوچەکانی فارس‌و ئەرزەڕۆم. مێجەرسۆن کە لە ساڵی ١٩٠٩ لە ژێر ناوی بازرگانێکی فارس دەچێتە هەڵەبجەو لە نزیکەوە عادیلەخانمی هاوسەری عوسمان پاشای جاف دەبینێ، وێنەیەکی دلگیری ئەو ژنە زیرەك‌و هێژایە دەکێشێ. بە وتەی ئەو، عادیلەخانم ژنێکی بێ هاوتاو تێگەیشتو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بووەو فەرمانداندەیەکی راستەقینەی سنووری شارەزوور بوو نەك لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو دادگای خۆی هەبوو زیندانی دروستکردبوو، خۆیشی سەرپەرشتی دادگاکەی دەکردو پیاوخراپی سزادەدا. لەو دەڤەرە کەس لەقسەی عادیلە خانم دەرنەچووەو هەموو لایەکی ناچار کردبوو رێزی لێ بگرن‌و ملکەچی بڕیارەکانی بن. (ئیدمۆنس)یش کە یەکێکە لە نوێنەرە چالاکەکانی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالی بەریتانی بۆکوردستان‌و هەموو عیراق دوای مێجەرسۆن بە زیاتر لە ١٠ ساڵ دەچێتەوە لای عادیلەخانم‌و بەهەمان شێوەو بگرە زیاتریش باسی لێوەدەکات. عادیلەخانم لەدوای لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم‌و لەدوای کۆچی هاوسەرەکەی سەرکردایەتی گەورەترین هۆزی کوردی دەکرد کە هۆزی جاف بوو . عوسمان پاشای هاوسەری پیاوێکی نەرمونیان بوو، لە ژیانیدا کەم لە هەڵەبجە دەمایەوەو هەمیشە بەرێگەی سلێمانی‌و کەرکوك‌و موسڵەوە بوو، هەموو کارو ئەرکەکانی بە عادیلەخانم سپاردبوو، دەسەڵاتیشی ئەوەندە مەزن بووکە بە شاژنی شارەزوور ناودەبرا. ئیدمۆنز، باس لە حەپسەخانی نەقیبیش دەکات، کە هاوسەری شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید بوو، بە ژنێکی زیرەك‌و ناودار باسی دەکات‌و دەڵێ: لە سیاسەتی ناوچەکەدا رۆڵێکی مەزنی دەگێڕاو سەرگەورەی ئافرەتانی شاری سلێمانی بوو. ئافرەتێکی دڵنەرمی رەوشت بەرزی زمان شیرینی دەرونپاك بووە، لە ساڵی ١٩٣٠ نامەی بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووەو داخوازی مافەکانی گەلی کوردی کردووەو هەوڵیداوە قوتابخانەیەکی ئێواران بۆ ژنانی کورد لە سلێمانی بکاتەوە، تەنانەت خانوویەکی خۆی بەخشیوە بە کۆمەڵەی زانیاری، بۆ ئەوەی بکرێ بەقوتابخانە. ئەمە جگە لەوەی یارمەتی کۆماری کوردستانی داوەو پێشەوا نامەیەکی پڕ لە رێزو سوپاسی بۆ ناردووە. ئیدمۆنز، باس لە رابیعە خانم دەکا کە سەرگەورەی نانەواکان بووە لە شاری سلێمانیدا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دابینکردنی ناندا ئەویش لەکاتی قات‌و قڕی‌و برسیەتی‌و ئاژاوەدا. هەروەها باسی فاتیمە خانمی رەواندزمان بۆ دەکا کە لەدوای مردنی هاوسەرەکەی کاروباری هەشت گوندی ئەو دەڤەرەی گرتبوە ئەستۆی خۆی‌و هەموو جۆرە بازرگانیەکیشی دەکرد .ئیدمۆنز، ئاماژە بەوەدەکات کە هێزوتوانایەکی زۆر لە پێکهاتەی ژنی کورددا هەیەو هەمیشە هەوڵ دەدەن خۆیان پێش بخەن، لەم

بارەیەوە دەڵێ: هەمیشەو لەیەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونمانەوە لە ناوچە کوردیەکاندا، داوامان لێکراوە قوتابخانە بۆ کچان بکەینەوە، نەك تەنها لە شارو شارۆچکەکان، بەڵکو لەگوندەکانیشدا، لێرەدا باس لە شارێکی بچوکی وەك، کۆیە دەکاتو دەڵێ : ئاسایی بووە، دایكو باوکێکی ڕۆشنبیر هیچ مەشاکیلێك لەوەدا نەبینن کە کچەکەیان لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنی لەهەمان پۆلو لەسەرهەمان کورسی دابنیشێت. لێرەدا ئاماژە بۆ مەلای گەورەی کۆیە دەکاتو کە لە ساڵی ١٩٢٥دا کچەکەی خۆی ناردۆتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی کوڕاندا، ئەم کارە ڕەنگە بۆ ئێستا ئاسایی بێ، بەڵام بۆ ئەودەمەی کۆمەڵگەی دواکەوتووی کوردو ڕۆژهەڵات هاوتایی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بووە، هەر بۆیە دەبێ لە چوارچێوەی مێژووی خۆیدا سەیری بکرێ . یەکێ لە گەڕیدە پێشەنگەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەناوی( rietro delh valle) کە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا هاتۆتە ڕۆژهەڵاتو گەشتەکەی لە ساڵی ١٦٥٠ لە ڕۆماو لە ژێرناونیشانی (گەشتێك بۆ ڕۆژهەڵات) بڵاوکراوەتەوە، لە ڕێگەی نێوان بەغدادو کرمانشان دا لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٦١٧دا گەلێ جار تووشی بەتوشی کوردەوە بووەو بەم شێوەیە باسی ژنانی کوردمان بۆ دەکا" ژنەکانیان بێ دەموچاو داپۆشین، بەسەر بەستی دێنو دەچنو لەگەڵ پیاواندا چ کوردو چ بیانی بە ئازادی گفتوگۆ وهەڵسوکەوت دەکەن "، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسانو تەنانەت ڕۆژنامەوانە ئەوروپیەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکان دیدو بۆچوونێکی لەم جۆرەی دیللا ڤالێیەی سەبارەت بە ژنی کوردەوە دووبارە دەکەنەوە. هەروەها بەلای هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەوە ژنی کورد لەچاو تورکو فارسەکان زۆر زیرەكو ئازادو چالاکتربوونە، لەرووی خێزانیەوە وەکو ئەوروپیەکان هەڵسوکەوت دەکەن، لەم بارەیەوە گەلێ پرسیار بێ وەڵام ماونەتەوە، ئەگەر ژنی کورد ئەو پلەو پێگەیەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووبێ، چۆن بوو وا لەم دواییانەدا بەم جۆرە ترسناکە پاشکەشەی کردووەو تووشی ئەو بارە خراپەی ئێستا هاتووە، کە کولتووری باوکسالاری هیچ سنوورێك ناناسێ، ئەم ڕەوتەی ڕووداوەکان بەهەموو سەنگو پێوانەیەك دژی لۆژیكو بنەمای زانستو ڕەوتی مێژووە، لە ڕاستیدا ئەمانەو دەیان پرسیاری گرینگتر، پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و زانستی‌و



سۆسیۆلۆژی‌و کولتووری هەمەلایەنەهەیە. تۆمابوا لەبارەی ژیانی ژنی کوردەوە دەڵێ: ژنانی کورد لەکاتژمێری پێنجی بەیانیەوە لەسەر پێنو خەریکی کارکردنن تا یازدەی شەو. هەمووکاری ماڵ بەکۆڵی ئەوانەوەیە، زۆربەی ئیشەکانی دیکەش وەکو، مەڕ دۆشینو کەرە دروستکردنو ئاوهێنانو...تاد. لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩١٩ بۆیەکەمین جار یەکەم ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە کە ناوی" کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد بوو. ئەنجوم خانمی هاوسەری مستەفا پاشای یامولکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە. لەم ڕۆژەوە تا دەگاتە خانمەکانی ناو ڕیزەکانی شۆڕشو ناو خێڵەکانەوە، کە بەردەوام کورد نموونەی لەم جۆرەی هەبووە تا دەگاتە لەیلاقاسم کە لە ١٩٧٤ بەعس لە سێدارەی داو ئێستاش دەتوانم بڵێم کورد ژنێکی سیمبۆلی وەکو لەیلا زانای هەیە، کە بەراستی لە سەرانسەری دنیادا یەکێکە لەو ژنانەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەمێژووی ژنانی کوردان کە ناوەکانیان زۆرە بەڵام بەداخەوە ناتوانم لێرەدا لەمە زیاتر باسەکە درێژ بکەمەوە.

سەرچاوە:

شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی


مەسعود محمد- گەشتی ژیانم/١٩٩٢

د.کەمال مەزهەر. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد.

- د. کوردستان موکریانی- ڕەنگدانەوەی دۆزی ژن بەناوی ژنەوە، لەناو مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا/١٩٩٥

## غەفور ساڵح عەبدوڵا:

# بەداخەوە رەخنەگرەکانمان بوونەتە جنێوفرۆشو مزایە



**دیداری: ئاراز**

غەفور ساڵح ناوێکی دیارو بەرچاوی ناو مێژووی ئەدەبو نوسینی کوردییەو کەم تازۆر بەخوێنەران‌و ئەیبانی کورد ئاشنایە، لەساڵی ١٩٥٢ لە گوندێکی گەرمیانی دەوروبەری کەرکوك لەدایك بووە، هەر لەو شارەدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەمین چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا (٣)کۆمەڵە چیرۆك‌و سێ رۆمانی بڵاوکراوەی هەیە، لەگەڵ دووسێ کتێبی وەرگێڕدراوو کتێبێکیش لەبارەی رەخنەوە.


زنار: لە سەردەمانی زوو بەتایبەت هەشتاکان، نووسەران‌و ئەدیبان بەردەوام لە سیاسیەکان زیاتر، زوومی کامێرای دەزگا جاسوسیەکانی بەعسیان لەسەر بوو، لەم واقیعەدا تاچەند توانیوتانە، ئەو بالأنسە رابگرن‌و بێ ئەوەی تێکەڵاوی ئەو زەلکاوە بن کاری خۆتان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن.

غەفور ساڵح: ئێمە کۆمەڵێ نووسەر بووین لە بەغداد دەژیاین، راستە بەعس پێی خۆش بوو نووسەرانی کورد بکاتە بەعسی بۆ خزمەتی فیکری بەعس، بەڵام گروپەکەی ئێمە دیاربوون، تا رادەیەك دەیناسین‌و فشاری لەسەرمان نەبووە. بەڵام هەشبوون خۆبەخش بۆ بەعس‌و فیکری ئیشیان دەکردو کردویانە، تا رووخانی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، لەو سەردەمەی ئێمە ئەگەر جاسووسەکان بیانهێشتایە کارکردن بۆ ئێمە ئاسان بوو، بەڵام جاسووسەکانی کورد، مەبەستی نووسینەکانی نووسەرانی کوردیان لەلای دەست‌و پێوەنەکانی بەعس ئاشکرادەکرد، بۆیە زۆربەی نووسینەکان سانسۆریان دەخرایەسەرو نووسەرەکان تووشی گیروگرفت دەبوون، بۆ نموونە، رۆماننووس(محمد موکری) لەسەر چیرۆکی (ئامێردەکان) لە ساڵی ١٩٨٠ تووشی راوەدونان بوو دەرکرا لە وەزیفەکەی‌و ناچاربوو روو بکاتە شاخ، چونکە جاسووسەکانی کورد، کە ئێستاش تەراتێن دەکەن‌و کەس پێیاننالێت بەری چاوتان بە کلەوەیە لەسەریان نووسی، گوایە ئەو چیرۆکە باسی دەستەوتاقمە داپڵۆسێنەرەکان دەکات. تا شەڕی عێراق - ئێران هەڵنەگیرسابوو، نووسەران هێندە فشاریان لەسەر نەبوو، بەڵام دوای ئەوو جەنگە رژێم لە رێگای خۆفرۆشانی کوردەوە هەوڵی دەدا، نووسەران لەخشتەبەرن، بەڵام نووسەرە راستەقینەکان فریویان نەخواردو خۆڕاگربوون.

زنار: ناوی گەلێک لە نووسەران‌و ئەدیبان وەکو قەڵەمەکانی بەعس لە کتێبێکدا بڵاوبۆوە، تۆ لەسەر ئەم کتێبە رات چییە.

غەفور ساڵح: بەراستی ئەو کتێبە ناحەقی زۆری تێدایە، گەرچی ناوی نوسەرەکانی وەکو کاك(محمد موکری‌و کاك ئازاد عبدولواحیدو بەندەی) تێدایە، کە هەمووکەس هەڵوێستی ئێمە ئاگادار بووە، کاك موکری (٨) ساڵ پێشمەرگە بوو لەشاخ ساڵی ١٩٨٩ هاتەوەو دەستگیرکراو ئەوو پەتی سێدارە بستێکیان نێوان بوو، ئازادیانکرد بەمەرجێ لە رۆژنامەی ئەوسای (ئاسۆ)ئیش بکات‌و ناچاربوو. دیارە نووسەر کەوتبووە ژێرفشاری ئەو رژێمە دڕندەیەو ناچاربوو شتێ بنووسێ، چونکە ئەو دوای هەشت ساڵ پێشمەرگایەتی مایە پوچ گەڕایەوە ئیدی هەڵوێست فرۆشتن لە هەلومەرجی وادا هیچ سوودێکی نەبوو، ئەگەریش دوای دەیان چیرۆك‌و رۆمانی داهێنەرانە، بە نوکە قەڵەمێك گیانی خۆی‌و کەسانی دیکە بپارێزێ، بڕواناکەم ئەو مێژووەی لەکەدار بکات. کەچی چەند نووسەر هەبوون لەناو ئەم شارەدا، سەرێکیان لە بەغدا بوو سەرەکەی تریان لە سلێمانی‌و خەریکی وەرگێڕانی کتێبەکانی بەعس بوون، ژێر بەژێر لەخزمەتی بەعسدابوون، تۆ بڵێی کەسانێکی وەکو ئەوانە، دەتوانن موزایەدە بەسەر خەڵکی وەکو موکریەوە بکەن، یان کاك ئازاد عەبدولواحیدو بەندەش کە رۆژێك میوانی نەك مەسئولێکی بەعس، بەڵکو ئەندام فیرقەیەکیش نەبوون، بەڵام وابزانم، ئەوانەی ئێستا دەیانەوێت موزایەدە بکەن، لە شەوە سورەکانی بەرپرسانی بەعس جێگایان هەمیشە گەرم‌و ئامادەبووە.. پێمخۆش بوو نووسەری ئەو کتێبە وردبوایەو ناوی ئەوانەشی تۆمارکردبایە، ئەوا پێمان خۆش دەبوو. ناوی منی لەسەر یەك نووسین تێدایە کە لە ژمارە(١٦)ی رۆژنامەی ئاسۆ ساڵی ١٩٨٩دا بڵاوکراوەتەوە کە پاکانەکردن بوو، ناچارکرام بینووسم بۆ ئەوەی لە سێدارە نەدرێم، ئەگەر ئەو دوو نووسینەم لە ژمارە(٢٣٥، ٢٣٨)ی هەفتەنامەی (هەواڵ) بخوێننەوە، ئەو راستیە دەسەلمێنن.

زنار: بابێینەسەر ئەدەبی کوردی، دەبینین



# ڕەخنەگرەکانمان

## بوونەتە جنێوفرۆش و مزایەدەچی

ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر بەتایبەت لە کوردستاندا کێشەی دزی ئەدەبیمان هەیە، دەبینی نووسینی بەتایبەت گەنجەکانی ئەمڕۆ هەست پێدەکرێت، ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە.

غەفور ساڵح: دزی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، پێش ڕاپەڕین زۆر دەگمەن بوو، هەرکەسێك دزی کردبایە زوو ئاشکرادەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕینن بووەتە پاشاگەردانیو گەلاو پەموو تێکەڵ بوون، بێگومان دزینی بەرهەمی ئەدەبی لەهەستکردن بەکەمیەوە دێتو کەسێك دەیەوێ زوو خۆی دەرخاتو خەڵکی بخەڵەتێنێ کە داهێنەرە، بەڵام ئەو لە گەمژەیی خۆیەوە ئیش دەکاتو وادەزانێ خەڵکی لەگوێی گادا نووستوون، بێگومان ئەو خەڵکە لەبواری ئەدەبو ڕوناکبیریدا کاردەکات، خەڵکێك دزی دەکەن کە هەندێ شتی بیانی دەخوێننەوەو وەردەگێڕن بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش لەوەوەدێت، کە ئەمان حیساب بۆ خوێنەری کورد ناکەن، پێیانوایە، خوێنەری کورد لە ئاستی خوێندنەوەکانی ئەواندا بستەبالان، کەچی وادەرنەچوو، ئەوەتا چەندین خوێنەری بەتوانای کورد، ڕاپەڕیونو لەو دزانە هاتوونەتە دەستو ئاشکرایان دەکەن.

زنار: ئەم ڕایانەی لەسەر بەختیار عەلی هەتە، گوایە ئەمانە داهێنانی خۆی نینو خەیاڵی خەڵکانی دیکەو داهێنەرانی دیکەیە وەریگرتوون، کەسانێک ئەم بۆچوونانەتان وا لێک دەداتەوە، کە ئەمە پەیوەندی بەو تەجاوزە گەورەیەوە هەیە کە بەختیار لە ئەدەبی کوردیدا کردوویەتیو ئەمانیش لە بێدەسەلاتی بوغزی خۆیانی پێدەڕێژنو تۆمەتی دزینی دەخەنە پاڵ، تۆ ڕات لەسەر ئەم بۆچوونە چییە.

غەفور ساڵح: برادەر من ڕام نییە بەرامبەر بە بەختیار، من ڕاستیم پێیە دەربارەی بەختیارعەلیو هاوڕێکانی، هەر منیش نییم، بگرە کۆمەڵێ نووسەری دیکەم لە تەکە، ئێمە دەڵێین: بەختیار عەلی دزی ئەدەبی دەکا، کەچی ئەوان وەڵامی مەنتقیان پێ نییەو ناتوانن بەرگری لەو تۆمەتە بکەن کە ئێمە دەیدەینە پاڵیان، بگرە بە چەکێکی زۆر قێزەوە وەڵام دەدەنەوە، فەرموو بڕۆ تەماشای گۆڤاری ئاینده ژمارە(٥)و ژمار(٨، ٩) بکە بزانە کاك ڕێبین هەردی (٢١٢)پەرەگراف جنێو بەمن دەدات، بڕۆ لە ئالای ئازادی تەماشای ئەم نامە پڕجنێوەی بەختیاربکە بۆ (یاسین بانی خێلانی) بڕۆ تەماشای سایتی (نیشتیمان نێتو کوردستاننێت)بکەو بزانە چ جنێوێکی بازاڕی دەدەن، بە جەزا چنگیانی، حەزدەکەم ئێوە لەم گۆڤارە شتێکی ئەدەبی ڕەخنەیی لەسەر بەرهەمێکی بەختیار بنووسن بزانە چەند جنێوفرۆشتان لێ ڕاست دەکاتەوە، وەکو لە منو شارام قەوامی ڕاستکردەوە، من خۆم ناوی یەکە یەکەی ئەو جنێوفرۆشانەم لایە.. من لە نەوەی بەختیار نیم تا بوغزم بەرامبەری هەبێ، ئەم برادەرە پێش ڕاپەڕین هەندێ بابەتی لێکۆڵینەوەی بڵاودەکردەوە، لە هەردوو هەفتەنامەی ( ئاسۆو عێراق)، کەچی دوای ڕاپەڕین بە قودرەتی قادر بە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)بوو بەیەکە ڕۆماننووس کە (عەتا نەهایی) لەسەری نووسی کە وەکو چیکەو دارشتنو زمان ڕۆمانی (پاییزی بەتریرکی) مارکیز. جار بەجار نابێ کەس سواری ملی خۆی ببێ و بڵێ( بشفرێ هەر بزنە)

زنار: غەفور ساڵح ناوێکی دیاری ناو ئەدەبی کوردی بوو، بەڵام ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا کەمتر دەبینرێتو ناوی دەهێنرێت، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە دەکەویە وەڵامو وەڵامکاری لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژنامەکان لەسەرت دەنووسن.

غەفور ساڵح: ئێوە دیارە ئاگاتان لە نووسینەکانی من نییە، لە پاشکۆی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێو ڕێبازی ئازادیو پەیفینو ڕۆژنامەی(الاتحاد)و ئێستاش ڕۆمانێکی دیکەم لەژێر چاپدایە، من دەمێکە ڕۆمانی( لەخاچدانەوەی مەسیح)ی کانزاکیشم لە ژێر چاپ دایە بۆ ماوەی چوار ساڵە بەشایەدی کاك( مەلا بەختیارو کاك سامی هادی) چونکە لەلای ئەوان کۆمپیوتەرکراوە، بەڵام ئێستا کاك دلاوەر قەرەداغی ئەو ڕۆمانەی بەناوی( مەسیح سەرلەنوێ لەخاچ دەدرێتەوە) خستووەتە بازارەوەو ئەوەی منیش لە دەزگای (موکریان) چاوەڕوانی چاپە.

زنار: ئایا نەبوونی ڕەخنەی جددی هۆکاری ئەم پاشا گەردانیە نییە.

غەفور ساڵح: بەڵێ، نەبوونی ڕەخنەگری بە ئەمەكو لێزان وای کردووە، ئەدەبەکەمان پڕبێ لە دیاردەی دزێو، لە سەروویانەوە دزی ئەدەبی.

زنار: کێشەت لەگەڵ ڕەهەندیەکان بۆچی دەگەڕێتەوە.

غەفور ساڵح: من لەگەڵ ڕەهەندیەکان هیچم نییەو کەم شتیان دەخوێنمەوە، سەرەتا کێشەی من بەنووسینێك دەستیپێکرد لەسەر شێرزادو یەك دوو شتی بەختیار عەلی، بەڵام کاك ڕێبین هەردی شەڕەکەی خۆشکرد بەو جنێونامەیەی گۆڤاری (ئاینده).

زنار: باروودۆخی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەو واقعەدا بۆچی دەگەڕێتەوە، کە ڕەخنەگری جددیو پرۆفیشناڵ زۆر دەرناکەون.

غەفور ساڵح: بێگومان پەیوەستبوونی ئەدەبو ئەدیب خۆی بە سیاسەتەوە هەموو شیرازەکانی تێکداوە، ئەدیبو نووسەری لای ئێمە لە سیاسەتەوە هاتووە، بۆ ئەدەب پێچەوانەی خەڵکی دیکە لە ئەدەبەوە دێن بۆ سیاسەت، لەبەر ئەوە، هەمیشە ئەدەبەکەمان زەلیلی دەستی سیاسەتەو خۆشمان وامانکردووە. ئێمە بیرکردنەوەمان، ڕۆشنبیریمانو هزرمان لە سیاسەتی کوردیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ئەم نەوەیەی ئێستاش نەیتوانیوە لێی ڕزگار بێ، چونکە ئەویش مزایەدەی سیاسی دەکاتو خۆی بە سیاسیەکانەوە هەڵدەواسێت، بۆیە لەم هەلومەرجە سەقەتەدا، نە ڕۆشنبیریی تۆکمەو نە ڕەخنەی زانستی ئەدەبی پەیدادەبێ، ئەوەتا بەداخەوە ڕەخنەگرەکانمان بوونەتە جنێوفرۆشو مزایەدەچی، ئیدی چاوەڕێی چی دەکەیت، تا ئەم کەشو هەوا ئەدەبی کوردیە ئەم کەسانەی هەبێو کەسانی ئاوا پێبگەیەنێ، بەش بەحاڵی خۆم، زۆر لێی بێ ئومێدم.



# ئەگەر مادەی (١٤٠) جێبەجێ نەکرا کورد چی بکات..؟

بڕیارە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، ئەمە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق بڕیاری لەسەردراوەو دەبێت تا کۆتایی ئەم ماوەیە، ئەم بڕیارە زۆر قۆناغی بڕیبێتو بە ریفراندۆمێك لەسەر چارەنووسی جوگرافیو سیاسی ئەم ناوچەی یەکلایی کرابێتەوە. ئەم ماوانەی رابردوو بەتایبەت لە ئێستا کە ئەم مادەیە رۆژ بەرۆژ لە وادەی کۆتایی نزیك دەبێتەوە، باس لە کۆمەڵێك رێگای تر دەکرێت، بە پێی هەندێك لە راگەیاندنەکانو لێدوانی سیاسەتمەدارانی عێراقیو ئەمەریکی بێت، ئەم مادده دەستووریە دوادەخرێت بۆکاتی تر، هەرچی پەیوەندیشی بە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمەوە هەبێ وەکو گەورەترین مەرجەعی تەنفیزی لەکوردستان، سازش لەسەر ئەم ماددەی ناکرێتو هەر دواخستنێك، کێشەیەکی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت لە عێراقدا.

لای هەمووان ئاشکرایە کە یەکێك لە موسیبەتە گەورەکانی ناو مێژووی سیاسی کورد، کەرکوك فاکتەرێکی گرنگی بووە، ئەم کێشەیە بەردەوام گرێی نێوان حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووە لەگەڵ کورددا. ئێمە لە گۆڤاری زنار بە ئەرکی خۆمان زانی ، خۆمان بە هاوپشتیو هاوخەمی بۆ ئەم کێشەیە دەربڕین، بەدەوری خۆمان بەشداری ئەم پرسە بکەین، بۆ ئەمە رای چەند رۆشنبیرو سیاسیەکی ئاگادار لەمەسەلە سیاسیو ئەمنیەکانی شاری کەرکوك وەربگرێن.. ئەویش بە پرسیارێك کە لە هەریەك لەو بەرێزانەی خوارەوەمان کردووە ئەویش (ئایا ئەگەر لەو ماوە دەستووریەی کە بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك یان مادده(١٤٠) تەرخان کرایەوەو ئەم ماوەیەش تێپەڕیو جێبەجێ نەکرا، سەرکردایەتی سیاسیو خەڵکی کوردستان چی بکەنە باشە)، بە سوپاسەوە ئەم چەند بەرێزانە بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەیان بەم شێوەیە دایەوە.

## هیوا ئەحمەد مەستەفا شارەزا لە بواری ئەمنی لە کەرکوك:

## رەوشەکە لە دەست دەربچێ خەڵکی تر دێتە ناو هاوکێشەکانەوەو کورد سەرکەوتن بەدەست دێنی، بەڵام قوربانیش ئەدات.

وەکو شارەزایەکی بواری ئەمنی لە شاری کەرکوك گوتی:- لەو بروایەدا نیم مادەی (١٤٠) جێبەجێ نەکرێ، چونکە سەرکردایەتی کوردو بەتایبەتیش بەرێز سەرۆکی هەرێم کە بە شیوەی دەستوریو یاسایی دارێژەری سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، چەندین جار تأکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بەهیچ شیوەیەك دەسبەرداری کەرکوك نابینو باشترین چارەسەریش جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقە. بۆیە دڵنیام ئەم بەندە دەستوریە جێبەجێ دەبێ، ئێستاش ئەگەر دیقەت بدەن هێواش هێواش کارەکانی ئەچن بەرێوە، بەڵام هەنگاوەکانی حکومەتی فیدرالی بغداد شلن، ئەبوایە باشتر بوایە زۆرترین گرفتێك ئەوەی من بیزانم ئەوەیە کە ئەو عەرەبانەی باشوری عێراق لە گەرانەوەیان بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان ئەبێ حکومەت جێگەو رێگەیان بۆ دابین بکاتو پاشان تەعویزیان پێ بدرێو فۆرمەکانی خۆراکیان بۆ بگوازرێتەوە، جا حکومەت لەو هەنگاوانە کلۆڵو گۆجە، خۆیان مەبەستیانە، تا ئێستا ئامادەنین پارچە زەوی دیاری بکەن بۆ عەرەکان بۆ گەرانەوەیان هەر بۆ ئەوەی لە کەرکوك بمێننەوە.. لەلایەکی تر عەرەبی سوننەی عەشایری دەرەوەی کەرکوك هەرەشەی لێدانی کاروانی ماڵە گەراوەکانی کەرکوك بۆ باشوری عێراق ئەکەن...... جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە عەرەبەکان ئامادە نین بچنەوە، چونکە زۆربەیان لێرە لەناو شارەکە گەورە بوون. بەهەر حاڵ ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێ رەوشی ئاسایش سەقام گیر نابێ، ئەو تەقینەوە گەورانەی هاوشێوەی ١٦/٧/٢٠٠٧ بەردەوام ئەبێ، لە بەردەوام بونیش دا کوردەکان توشی رد فعل ئەبن بەرامبەر لایەنی تری نەتەوەیی، رەنگە ئەو کاتە رەوشەکە لە دەست دەربچێو خەڵکی تر دێتە ناو هاوکێشەکانەوەو شەری رێکخراوو منقم دروست ئەبێ... کورد سەرکەوتن بەدەست دێنی، بەڵام قوربانیش ئەدات، بە هیوای ئەوەی کە ئەو رۆژە نەبینین، شەرە قومیات رووبدات هەرچەندە کورد ئامادەیی نیە بۆ شەری قەومیات، چونکە لە عەرەبو تورکمانو مەسیحیش زۆرنو یەکجار زۆرن کە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) دان، تەنانەت لە لیستی برایەتی کەرکوك خەڵکی زۆری عەرەبو تورکمان دەنگی بۆ دا کە لیستی کوردستانیەکان بوو. ئەگەر



ماددەی (١٤٠) جێبەجێ نەبێ، وەزعی ئابوری‌و ئاوەدانی کەرکوك شپرزە تر ئەبێ، خدماتی بۆ ناچێ‌و پرۆژەکان پەکیان ئەکەوێ شارەکە وەك پێشان وەك ئێستاش بەدواکەوتوویی ئەمێنیتەوە. بەڵام لە جێبەجێ کردنی ماددەکەدا وانیە، ئەو کاتە پۆستی ئیداری ئەدرێ بە عەرەب‌و تورکمان‌و کوردو مەسیحی پێکەوە دەست لەناو دەست وەك برا ئەژین، بە دور نازانرێ لە ئایندە عەرەب لەسەر ئاستی کەرکوك نوێنەری بێتە پەرلەمانی کوردستان‌و لە وەزارەتەکانی کوردستان دا پۆستیان هەبێ تا سەر بە یەکەوە ژیان بەسەر بەرین.... باشترین رێگەش لێك تیگەیشتنە، دۆستان ئەیانەوێ ئەزمونی ئەو شارانەی هاوشێوەی کەرکوك بوون‌و کێشەی نەتەوەییان تێدا بووە بە کەسایەتیەکانی شارەکەی بناسێنن‌و شارەزایان بکەن بۆ ئەو مەبەستە سەنتەرێکی گەورەی ئەمریکی کە دورە لە سیاسەت وەفدیکی (٣٢) کەسی لە شاری کەرکوك بردووە بۆ (کۆسۆڤۆ) بۆ ئەوەی ئەزموونی حەلی مشاکلی ئەوان لێرەش کەڵکی لێ وەربگیرێ. لە راستیدا کورد کێشەی خاکی هەیە کە پەیوەستە بە کەرامەتی نیشتمانیەوەو رەگو ریشەیەکی قوڵی لە دەروونی هاوڵاتیەکانی دا کوتاوە، بەتایبەتی بابەتی کەرکوك زۆر هەستیارە، کوردو جەنابی سەرۆك بارزانی ئەڵێن‌و ئەڵێین کە شارەکە نامانەوێ ببێتە شاریکی کوردی! ئەمانەوێ ببێتە شارێکی کوردستانی، هەموو نەتەوەکان تێیدا بژین باری شیواوی راست بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ماددەی (١٤٠) سێ هەنگاوی هەیە،(ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری، ریفراندوم) بە هیوای جێبەجێ کردنی.

### شێخ صدیق ئەحمەد سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنوسان:

# ئاراستەی عێراق نەگەیشتووە بەوەی ئێمە وەڵامی یەکلاکەرەوەمان هەبێ

پرسیارەکە زۆر کەس وەڵامی داوەتەوە لە سەرکردایەتی سیاسیەوە تاکو ئەو کەسانەی رۆژنامەنوسان‌و رۆشنبیران‌و ئەتوانین بڵێم خەڵکی کوردستان بە گشتی ئەم حیوارەی لە نێو خۆیدا کردووە، بە بڕوای من رەئی موەحد لەم بارەیەوە بەدەست نەهاتووە. هەریەکەو بەدیدو تێروانینی تایبەتی خۆی باس لەوەڵام دانەوەی جێ بەجێ نەکردنی ماددەی١٤٠دەکات.. تەنانەت حیزبە سیاسیەکان‌و پەرلەمان‌و حکومەتیش ئەتوانم بڵێم وەڵامێکی جدی ئامادە نەکردووە، مەبەستم ئەوەیە لە پراکتیکدا چی دەکرێت هەموو ئەوانەی ئەمرۆ لە بەرامبەر دواخستنی ئەوماددەیەدا قسە دەکەن لەهەڵچونێك دەچن‌و نەیانتوانیوە رای گشتی دروست بکەن.. وای تێدەگەم ئەمە کارێکی سەرپێی نیە ئامادەکاری‌و پرسی خەڵکی کوردستانی پێویستە راستە پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە بەڵام ئەمە چارەنوسی گەلێکە .. ئەگەر لە کەرکوك دا بژین جیاوازتر بیر دەکەینەوە لەوانەی لە دەرەوەی کەرکوك قسە دەکەن. بۆیە لەوروانگەیەوە قسەدەکەم ئەمرۆ بەشێکم لە برین‌و زامەکانی کەرکوك ئەمە بەمانا تەقلیدیە شۆرشگێرییەکە کە هەمووومان دەمان گوت دەبێ لە سەر کەرکوك شەهید بکرێین . ئەمرۆ ئەوچەمك‌و مەفهومانە گۆڕاون دنیا ئاراستەیەکی نوێی گرتووە، عێراقیش گروگاڵ لەو دونیا نوێیەدا دەکات ئالێرەوە دەکرێت بچینە وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە بەر لە هەموو شتێك هێشتا زووە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. هێشتا کات بەبەرییەوە ماوە مەبەستم ئەوەیە ئاراستەی عێراق نەگەیشتووە بەوەی ئێمە وەڵامی یەکلاکەرەوەمان هەبێ.. ئەگەر لە وادەی خۆی جێبەجێ نەکرێت ئەوا کەرکوك ناچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، دواتر رێکەوتنی سیاسی لەسەر کراوە ئەو رێکەوتنانە بەبنبەست نەگەشتوون .. لە هەموو حاڵەتەکاندا بڕوام وایە کورد ناکرێ خۆی دابڕێت لەو کایە سیاسیەی بەغدا . بۆ ئەمرۆ زەرورەتی خۆی هەیە، دابڕانی ئێمە کێشەکانمان قوڵتر دەکاتەوە، ناوەندە گرنگەکانی حیوار لەدەست دەدەین بەڵام تێکۆشانی کورد دەبێ بەردەوام بێت لە بەرامبەر جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیەدا

**ئەحمەد رەفیق رۆژنامەنوس و بێژەر لە تەلەفزیۆنی (P.U.K) کەرکوك:**

# تەنها بە دیلی مادەی١٤٠بەرپاکردنی جەنگە؟



لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراق، تا هەڵبژاردنە سەرتاسەریەکەی کە لە ١٥/١٢/٢٠٠٥دا کراو یاسایەك بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دانرا، کە پێی دەوترا (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) ئەم یاسایە گرنگیەکەی لەوەدا بوو هەم "یاسا"بوو، هەم "تەوافوقێکی سیاسی"یش بوو..! ئەنجومەنی حوکم کە لە ٢٥ کەسایەتی سیاسیو دینیو مەزهەبی تەکنۆکراتی عیراقی پێکهاتبو، نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی عیراقی دەکرد. بەویستو ئارەزوی خۆیان، بە تەوافوقێکی سیاسی ئیمزایان لە سەر ئەو "یاسا"یە کرد، بێ ئەوەی هیچ دەوڵەتێکی زلهێز تەداخولی تێدا بکات، کە دواتر بوە بنەمایەك بۆ نوسینەوەو دارشتنەوەی دەستوری هەمیشەیی عیراق. لە نێو ئەو "یاسا" کاتیەدا مادەیەك هەبو پێی دەگوترا مادەی (٥٨) کە تایبەت بو بە ناوچە دابڕاوەکان (تەعریبکراوەکان)ی کوردستان، دەبو ئەو مادەیە لە سەردەمی قۆناغی گواستنەوەی حوکم (مەرحەلەی ئینتیقالی) جێ بەجێ بکرایە، بەڵام نەکرا!

لە کاتێکدا لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکمدا جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە زۆر لە ئێستا ئاسانتر بو. بۆچی سەرکردایەتی کورد لەو کاتەدا وەکو پێویست سوور نەبو بۆ جێبەجێ کردنی، ئەمە باسێکی ترە! تەماشاکە، لە کەیەوە دەستی بە سەرکردایەتی کورد دەکرێتو گەمە بە چارەنوسی خەڵکەکەی دەکرێت؟ دوا جار، سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی تەعویزی ئەوە بکاتەوە کە لە کاتی خۆیدا حکومەتی کاتی عیراق هەڵنەساوە بە جێبەجێ کردنی مادەی(٥٨)، دوای هەوڵو کۆششێکی زۆر، توانرا مادەی(٥٨) لە دەستوری دائیم بە مادەی (١٤٠)دا تەسبیت بکرێت، کە لە ٧٩٪ی گەلانی عیراق بە ویستو ئارەزوی خۆیانو بە بێ جیاوازی ئەتنیکیو مەزهەبیو دینی لە ١٥/١٠/٢٠٠٥دەنگیان بۆداو لە نێو مادەکەشدا میکانیزمی جێبەجێ کردنەکەشیان تێدا دەستنیشان کرد بەم شێوەیە:

١- قۆناغی ئاسایی کردنەوە(تگبیع) دەبێت تا ٢٩/٣/٢٠٠٧ کۆتایی پێ بێت.

٢- قۆناغی سەر ژمێری(احصاو)یش دەبێت تا ٣٠/٧/٢٠٠٧ کۆتایی پێ بێت.

٣- دوا قۆناغیش کە قۆناغی راپرسیە (ریفراندۆم)دەبێت لە ١٥/١١/٢٠٠٧ ئەنجام بدرێت. لە ٣٣ خاڵی نێو ئەجندای حکومەتەکەی مالیکیش لە خاڵی٢٢دا بە روونی ئاماژەی بۆ کراوە. ئیدی شۆفینیەکانی عەرەبو ناحەزانی کورد لە ناوچەکە، بەم دەستکەوتە یاسایەی کە کورد لە نێو دەستوری دائیمدا جێگیری کرد، هیچ برو بیانویەکی تریان نەما هەتا مادەکە جێبەجێ نەکرێت. بەڵام فرتو فێڵێکی تریان کرد، کەوتنە مومامەڵەکردنی مادەکە بۆ(نمونە)دوای ٨ مانگ لە هەڵبژاردنە سەرتاسەریەکەی ١٥/١٢/٢٠٠٥، جەنابی سەرۆك وەزیرانی عیراق لە ٩/٨/٢٠٠٦ بڕیار دەردەکات بۆ دروستبونی لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی مادەی (١٤٠)! لە نێو لیژنەکەشدا پێنچ لیژنەی تریان دروست کرد، وتەیەکی فەرەنسایی هەیە دەڵێت:(ئەگەر ویستت ئیشێك جێبەجێ نەکرێت ئەوا لیژانی بۆ دروست بکە) سەرەڕای ئەوەی حکومەتی مەرکەزی خاوو خلیسکی لە مادەکەدا دەکرد، بەڵام لیژنەکە بە سەرۆکایەتی هاشم الشبلیو ئەندامێتی سێ کوردو دوو عەرەبو یەك ئاشوریو دوو تورکمان لە ١٦/١/٢٠٠٧ تا ٤/٢/٢٠٠٧چوار بڕیاری زۆر گرنگی دەرکرد، یەکەم: گەڕاندنەوەی هەمو ئەو فەرمانبەرانەی کە دانیشتوانی رەسەنی ناوچە کێشەدارەکانن لە((کوردو تورکمانو کلدانیو ئاشوریو عەرەب)) کە بە هۆکاری سیاسیو... تاد.

دووەم: گێڕانەوەی سەرجەم ئاوەرکانی کەرکوكو قەرەبو کردنەوەیانو ... تاد.

سێ یەم: گەڕانەوەی سەرجەم عەرەبە هاوردەکان(دەهەزاریەکان) بۆ شوێنی رەسەنی خۆیانو....تاد.

چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو رێکەوتننامە کشتوکاڵیانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی گۆڕینی باری دیموگرافی.... تاد. چەند مانگێك دوای ئەم بڕیارانە بە فێڵێکی سیاسی (هاشم الشبلی)وەزیری دادو سەرۆکی لیژنەی مادەی (١٤٠)یان لە سەرۆکی لیژنەکە لابرا؟! ئیدی کاری لیژنەکە بە تەواوی پەکی کەوت، واتا لە مانگی چوارەوە لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی مادەی (١٤٠) تا ئەم رۆژانەی دوایی بەبێ سەرۆك مابوەوە. دەبو سەرکردایەتی کورد بە لادانی الشبلی زۆربە توندی هەڵوێستی وەربگرتایە، لە بەر ئەوەی هیچ جۆرە تەبریرو بیانویەك بۆ لادانی (الشبلی) نەبو، تەنها مەبەست ئەوەبو پرۆسەو ئالیەتی مادەکە ئیفلیج بکرێت.

هەمو ئەو لەمپەرانەشی کە هێناویانەتە بەردەم جێ بەجێ کردنی مادەی (١٤٠) لە هەڵگیرساندنی جەنگێکی ناوخۆیی بەولاوە تەفسیرێکی تر هەڵناگرێت! لە هەموشی سەیرتر ئەوەیە نەتەوەیەکگرتوەکان دەربارەی کێشە ئاڵۆز، ئاڵۆزکراوەکانی عیراق کە یەکێك لەوانە مادەی(١٤٠)ـە لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراوەدا لە ١٠ی ئەم مانگەدا بڕیاری١٧٧٠ی دەرکرد، کە یەکێك لە خاڵەکانی ناو بڕیارەکە باس لە ناکۆکی سنورەکانی ناوخۆی عیراق دەکات..! بەبڕوای خۆم ئەمە ئاماژەیەکە بۆ تەسلیم کردنی مادەی(١٤٠)بە نەتەوەیەکگرتوەکان کە لە زووەوە لایەنە نەیارەکانی کورد کاری بۆ دەکەن. هەر کێشەیەکیش تەسلیم بە نەتەوە یەکگرتوەکان کرا دەبێت فاتیحەی بۆ بخوێندرێت..!! تاوەکو نەتەوەیەکگرتوەکان بە رەسمی مەلەفی مادەی (١٤٠)یان نەگرتۆتە ئەستۆ، دەبێت سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی "حەسمی" مادەی(١٤٠) بکات. بەدو ووشە کۆتایی بەو کێشەیە بهێندرێت یان شەڕ یان جێبەجێ کردنی مادەکە لە کاتو ساتی خۆیدا. ئەگەر نامادەی(١٤٠)هیچ جۆرە بە دیلێك هەڵناگرێت تا نەتەوە یەکگرتوەکان یان کەسانی تر بەدیلی بۆ بدۆزێتەوە.



# لوقمان کاکەیی کارگێڕی لقی ٣پ.د.ك: ئەگەر لەکاتی خۆیدا ماوەنەما زۆر ئاساییە ئەو لیژنەیە داوا بکات ماوەی دیار یکراوەکە زیاد بکرێ

لوقمان کاکەیی وەکو(کارگێڕی لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستان) گوتی:-

ئەگەر بەشێوەیەکی ورد سەیری باگراوندی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بکەین دەبینین کەرکووك هەمیشە خاڵی ناکۆکیو گفتوگۆو دانوستانەکان بووە ئێستاشی لەگەڵ بێت بەلاٌم ئێستا کێشەی کەرکووكو ناوچە دابراوەکان لەکوردستان لەمادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە کەواتە بە دەستور چارەسەرکراوە ئەو دەستورەش لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە پەسەند کراوە ئەمرۆ لە عیراقدا دەبینین هەمووکێشەکان بەرەزامەندی هەموو لایەك چارەسەر بکرێت، جالەبەر ئەوەی کێشەی کەرکووك چووە ناو هاوکێشە ئەقلیمی دەولیەکانەوە بۆیە پێویست بەوە دەکات سەرکردایەتی بەسیاسەتێکی نەرم حەکیمانە هەوڵ بدات مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق جێ بە جێ بکات، چونکە لەلای هەمووان ئاشکرایە لە ١٠نیسانی ٢٠٠٣دەوڵەتی عێراق هەڵوەشایەوەو عێراقێکی نوێ دروست بوو کە کورد بەشێکی گرنگە لەسەرکردایەتی عێراقی نوێ بووەو توانی کێشەکانی کورد لە عێراقی نوێ بەگفتووگۆو لەدەستور چارەسەری بکات جالە بەرئەوەی کێشەکان بەدەستور چارەسەر کراوە بۆیە سەرکردایەتی کورد پابەندە بە یەکێتی عێراق. لەلایەن سەرکردایەتی کورد تێبینی ئەوە کراوە کەهەرلەسەرەتای حکومەتەکەی عەلاویو جەعفەریو مالیکیش کەم تەرخەمی کراوە لە جێبە جێ کردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراق چونکە سەرەتا بەرێز حمید مجید موسی دواتر بەڕێز هاشم شبلی دانراو ئێستاش بەریز رائد فهمی وەزیری زانستو تەکنەلۆژیا دانراوە بەبەرپرسی مادەی ١٤٠ی دەستور چەند بریارێك بۆگەرانەوەی ئاوارەو ناردنەوەی عەرەبی هاوردە نەبێ کارێکی وانەکراوەو کاتەکەش کەمی ماوە،جابۆیە سەرکردایەتی کورد دەبێ هەوڵ بدات ئەو لیژنەیە کارەکانی بەهێز بکات هەندێ لەو کارانە کەپێویست ناکات ئێستا بیکات کاری ئامارە چونکە بۆ ریفراندۆم ئامار پێویست ناکات چونکە ئامار لەهەڵبژاردندا زیاتر بۆ دیاری کردنی رێژەو ژمارەی کورسیە جابۆیە دەتوانرێ بۆ ئەوەی پرۆسەکە زوو بەرێوەبچێ دەبێ چەند کارێکی وابکرێ. بەو دەستورەی کە دانراوە هەموو نەتەوەو ئاینو ئایزاکانی عێراقی پێکەوە بەستۆتەوە دەبێ مادەی ١٤٠جێ بەجێ بکرێ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەگەر لەکاتی خۆیدا ماوەنەما زۆر ئاساییە ئەو لیژنە داوا بکات ماوەی دیار یکراوەکە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتریان لەبەر دەست بێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەو مادەیە جێبەجێ بکرێ ئەگەریش بەهیچ شێوەیەك جێبەجێ نەکرا ئەو کاتە بۆ هەموو لایەك روون دەبێتەوە کە کورد نەرمیەکی زۆری نواندو هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی عێراق بەیەکگرتوو فدراڵ بمێنێتەوە بەلاٌم ئەگەر مادەی ١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق جێبەجێ نەکرا ئەو کاتە مانای هەڵوە شانەوەی دەستورە هەڵوەشانەوەی دەستور مانای هەڵوەشانەوەی عێراقە کەواتە پێویستە سەرکردایەتی کورد هەموو ئەگەرەکانی لەبەرچاو بگرێ یەکەم: هەڵوەشانەوەو دەستێوەردانی وڵاتانی ئەقلیمی. دووەم:شەڕی ناوخۆیی ئەمەش یەکێکە لەئەگەرەکان بۆیە سەرکردایەتی کورد دەبێ بەشێوەیەکی جدی ماڵی خۆیو هێزەکانی یەکبخات چونکە سەرکردایەتی کورد هەرلەسەرەتای دروست کردنی عێراقی نوێ وەکو هێزی ئاشتی بووە لەناو حکومەتی عێراق چونکە لایەنە شیعەکان لەگەڵ لایەنە سونەکانی عێراق، رۆژبەرۆژ کێشەکانیان تەشەنەدەکات لەناوەندی کونگرێس گەیشتۆتە ئەوەی کە عێراق باشترە دابەشبکرێ بەسەرسێ هەرێمدا ئەمەش دوورنیە پێویستە سەرکردایەتی کورد بۆ ئەو ئەگەرانە بەشێوەیەکی جدی خۆی ئامادەبکات.





## ڕێبوار بەکرەجۆیی:

# لەپێناو کەرکوك دا

ئەوەی دیرۆکی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتیو لە هزری مرۆڤەکاندا یەکلایی بۆتەوەو سەقامگیر بووە، ئەوەیە کەماف‌و داخوازیەکانی گەلێکی بەشخوراو یان دەستەو تاقمێك لە بەرامبەر دژو نەیارەکانیدا دەسەندریٚو وەدەست دەخریٚ، هەرگیز وەکوخێرو سەدەقەو چاکە خوازی نادریٚو نایەتە بەردەست‌و وجود، دیارە ئەمەش تێکۆشانی بەردەوامی گەرەکە تا ئەو ماف‌و ئامانجانە دێنە دی، هەر هەنگاوێکیش پێچەوانەی ئەو ڕەوتی بەدەستهێنانی مافانەبێت لە لایەن کەسانی بەناو ئاواتەخواز بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانە بەلای مافخوازانەوە لە بەرەی دژو بەربەست دادەنریٚو دەچێتە بەرەی دوژمن‌و خانەی خیانەت‌و ناپاکیەوە، هەرلەو ڕوانگەیەشەوە بۆ ئێمەی گەلی کورد کەرکوك‌و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان مافێکی مێژوویی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوری خەلْکی کوردستانەو پشتگویٚ خستن‌و سازشکردن لەسەریان خیانەتی نیشتمانیە، کەواتە چی بکریٚ بۆ ئەوەی کەرکوك‌و ناوچەکانی دیکە بستێنینەوە؟ بێگومان هەلگرتنی هەر هەنگاوێکی مرۆڤ بۆ پێشەوە پێویستی بە پتەویو جێگیری پیٚ دووەم هەیە، بۆ ئەوەی بە گوڕو تینێکی باشەوە ریٚ بکات‌و بەردەوام بێت لە هەنگاونان بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، لەم تێڕوانینەشەوە هەنگاونان بە ئاراستەی بەدیهێنانەوەی کەرکوك‌و ناوچەدابڕێنراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان، پێویستی بە تۆکمەیی‌و یەك هەلۆێستیو یەك سەنگەری‌وکارکردن‌و خەباتی جەماوەری بەرفراوان هەیە، کە دەکریٚ هەنگاوەکانی دەستەبەرکردنی ئەو پرانسیپ‌و مەرجانەش لەم خالانەی خوارەوەداچڕ بکەینەوە :-

١-بەجەماوەری کردنی کێشەی کەرکوك :- هەنگاوهەلگرتن بە ئاڕاستەی بە جەماوەری کردنی کێشەی کەرکوك لە ئەرکە هەنووکەییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمانی کوردستانە، بە بە شداری پێکردنی هەموو ڕێکخراوو حزبێکی سیاسیو نیشتمانیو ئیسلامیو خەلْکی بیٚ لایەنی بەتواناو نیشتمانپەروەر لە دەسەلاتی سیاسی کوردستان‌و دابەشکردنی ئەرك‌و ماف بە سەریانداو هەولْی بە گەڕخستنی تواناکانیان بدات بە پێدانی دەورو لێپرسراوێتی، هەروەها کاربکات بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی گرنگ لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ژێر ناوی دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی(جهاز الامن القومی) بە بەشداری هەموو بیرو بۆ چوونەکان لەراستەوە بۆ چەپ کە مەرجەعەکەی گەلی کوردستان بێت نەوەکو حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش هەنگاوی نا بە ئاراستەی جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو بڕگانەی سەرەوە ئەوا ئۆتۆماتیکی کێشەکانی کوردستان دەبێتە کێشەی گشتی هەموو خەلْکی کوردستان بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك‌و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی کوردستان.

٢- بە کوردستانی کردنی حکومەت :- بۆ ئەوەی حکومەت بنکەو دەسەلاتی فراوان بێت، مەرجە دەستی ئاوەدانیو خزمەتگوزاری بۆ ناوچەو شوێنێك پێش دەستی سەپاندنی یاسابێت، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە گرنگە :- أ - حکومەت حکومەتی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بێت، نابێت بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێوان شارێك‌و ناوچەیەکدا بکات، تەنها لە حالەتێکدا نەبێت کە ناوچەیەك دەستی وێرانەی دوژمنی زیاتری گەیشتبێتیٚو پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەیەکی زیاتربێت.

ب - هەولْی دوورخستنەوەی کەسانی حزبی بیٚ تواناو ناشارەزا بدات لە بوارە ئیداریەکانی تێکڕای دەزگاکانی حکومەت‌و لە جێگایان کەسانی پسپۆرو شارەزای بیٚ لایەن‌و نیشتمان پەروەرو بە پەرۆش بۆ گەل‌و ولات دابنێن‌و لە هیچ کات‌و ساتێکیشدا بیروباوەڕی سیاسی ئەو کەسە نەبێت بە ڕێگر لە بەردەمیدا بۆ ڕاپەڕاندن‌و گرتنە ئەستۆی لێپرسراوێتی یەك کە بتوانێت خزمەتی گەل‌و نیشتمانەکەی بکات.

ج- سنور دانان بۆ گەندەلْی :- کاری هەرەگرنگی حکومەت لەم هەل‌و مەرجی خۆئامادەکردنە بۆ سەندنەوەی کەرکوك‌و ناوچە دابڕێنراوەکانی دیو بۆ ئەوەی توانا مرۆیی مادیەکانی پتەوو بە هێز بکات‌و نەکەوێتە بەر کاریگەری ئەو پەندەی کەدەلْیٚ (دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقلێشیٚ)هەروەها بۆ خۆشی نەبێتە هۆکاری لە دەست چوونی ئەو ناوچانە، پێویستە هەنگاو هەلْگریٚو سنور دابنیٚ بۆ ئەو گەندەلێیەی کە لە ئێستادا بووە بە خۆرکەو کرم ئاسا ناخی میللەتەکەمانی کلۆر کردووە، بەوەی واز لە حکومەتی حزبیو ناوچەییو بنەمالەییو خزمایەتی بێنیٚو کار بۆ ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی ژێرخانی کۆمەلْو هەستی نیشتمان پەروەری بکات‌و هەولْ بدات لەسەر پیٚ خۆی ڕاوەستیٚ، بە بوژاندنەوەی بواری کشتوکالْیو مەڕو مالات‌و ئاوەدانکردنەوەی لادێکان، بەمەش دەتوانیٚ ڕووبەڕووی هەموو پێشهاتێکی سیاسیو ئابووریو ئیداری ....تاد ببێتەوە. دیارە هەنگاونانیش بە ئاراستەی جلْەو گرتن‌و دەربازکردنی کۆمەلْی کوردەواری لە هەموو شێوازەکانی گەندەلْی، بە دانانی لیژنەکانی بە دواداچوون‌و لێپیچینەوەو هاندان(متابعە والتفتیش‌و التحفیز)دەبێت بۆ هەموو دەزگاو دائیرەکانی حکومەت بەوەی لە بەرامبەر هەر سەرپێچیەکدا لێپرسینەوەی یاسایی هەبێت‌و خاترو خوایی تێدا نەبێت، بۆ هەرکارێکی خزمەتگوزاریش هاندان‌و پاداشتی مادیو مەعنەوی هەبێت. بیگومان ئەم هەنگاوەش توانا ئیداریەکانی حکومەت بەرەو پتەوی دەبات‌و گەندەلْو گەندەخۆرەکان ناهێلْیٚ، کەلەئێستای ژیان‌و گوزەرانی گەلەکەماندا زۆرمان پێویستە، بۆ هێنانەدی ئامانجە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکانمان بە تایبەتی سەندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان.

ء - سەپاندنی یاسا بەبیٚ جیاوازی :- یاسا ئەو چوارچێوە گشتیەیە کە ڕێڕەوی گوزەرانی ژیانی کۆمەلْگا دیاری دەکات‌و مرۆڤەکان بە ئاراستەیەکدا دەبات، کە هەموو چالاکیو جوولْەیەکیان لە بەرژەوەندی خۆیان‌و کۆمەلْگاکەیاندابێت. کەواتە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی سیاسیو یاسایی خۆی بپارێزیٚ بەو شێوەیەی کە هیچ کەسێك بەسەرۆکی ولاتیشەوە لە سەرووی یاساوە نەبێت، بێگومان ئەوەی تێبینی دەکرێت پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم یاسای گشتیو کاری مرۆڤەکانی بۆهەموو بوارەکان دیاری کردووە، بەلام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە جێبەجیٚ نەکردن‌و یاساشکێنی ئەو بڕیارو یاسایانە بەشی هەرە زۆریان کاربەدەست‌و لێپرسراوە حزبیو حکومیەکانن یان کوڕو بنەمالەکەیانن نەوەکو خەلْکی هەژارو بیٚ پشت‌و پەنا، کەوابیٚ پێویستە حکومەت هەولْی سەپاندنی یاسا بدات بەسەر هەموو کەسێکدا بە بیٚ جیاوازیو لەپێشەوە یاسا

بەسەر کەسە حزبیو حکومیەکاندا بسەپێنێ ئنجا خەڵك بە گشتی، کە بێگومان بەم هەنگاوەشی کێشە یاساییو سیاسیەکانی ناوخۆی چارەسەر دەکات هەوڵەکانی حکومەتو تواناکانی زیاتر ئاراستەی ئەو کارانە دەبێت کەهەوڵی ڕزگارکردنو بەدەستهێنانەوەی کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکان دەدات.

٣- پێکهێنانی هێزی نیزامیو سەربازی :
- ئەگەر تا دوێنێو لە سەردەمی خەباتی چەکداریو شۆڕشدا هێزی پارێزەری نیشتمان هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانی گەلی کوردستان بوو بێت، ئەوا لە ئەمڕۆی ئازادیو ڕزگاری کوردستانو دەسەڵاتی سیاسیو ئیداری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێویستە ئەو هێزانە پشوویەك بدەنو بە قەدەر خەباتو قوربانیدانیان ڕێزیان لێبگیرێو خزمەت بکرێن، لە بەرامبەریشدا ئەرکی حکومەت ئەوەیە کە هێزێکی سەربازی پێکهاتوو لە گەل پێکبهێنێ وەك دەوڵەتانی دنیا لەسەر بنەمای موالیدی سەربازیو بوار بە هیچ ئەندامێکی ئەو هێزە نەدا کە بیرو بۆ چوونی حزبایەتی بەسەریاندا زاڵ بێت، بەڵکو بە هەموو شێوەیەك خەباتی سیاسیو حزبایەتی لەناو هێزی پارێزەری نیشتمانی قەدەغە بکاتو هێزێکی وا بنیاتبنێ کە ئەرکی سەپاندنی یاساو پارێزەری نیشتمانو دەسەڵاتی سیاسی وڵات بێت نەوەکو دەسەڵاتی حزب، لەکاتێکیشدا ئەگەر گۆڕانکاری لە حکومەتیشدا بکرێ پێویستە ئەو هێزە بێلایەن بێت، بێگومان پێکهێنانی هێزێکی لەو شێوەیەش پایەکانی پاراستنی نیشتمانو دەسەڵاتی گەل پتەوتر دەکات، کەلەئەمڕۆی ئەزموونی گەلەکەماندا پێویستیەکی هەنووکەییە بۆ ڕزگارکردنو سەندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی باشوری کوردستان، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەبێتە قەڵغانێکیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرشێوە سنور شکاندنێك لەلایەن نەیارانەوە، کەواتە پێکهێنانی هێزێکی تۆکمەی لەو شێوەیە ئەرکێکی لەپێشینەتری حکومەتە نەوەکو شەرکردن لەسەرناوچەیەك بەرامبەر دوژمنێکی بەهێزبەهێزێکی حزبی.

٤- کارکردن بەیەك ئاراستەی سیاسیو جەماوەری :- بۆ ئەوەی داواکاری بە دەست هێنانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان بەجەماوەری تێکڕای گەلی کوردستان بکەین بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، پێویستە ئەنجومەنێکی فراوانی پێکهاتوو لە هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دروست بکرێ، بۆ ئەوەی شێوازی کارکردنو چالاکیەکانی یەك بخرێنو بەرنامەیان بۆ دابنرێنو پەخش بکرێت بە ناو جەماوەردا لە ڕێگای :- أ - دەزگاکانی ڕاگەیاندن: ئەو ئازادیەی دوای دکتاتۆری هاتۆتەدی بوارێکی فراوانی ڕەخساندووە بۆ بواری ڕاگەیاندن بەهەموو شێوازەکانیەوە، بەجۆرێك کەم دەزگاو دامەزراوو لایەنی سیاسیو ڕێکخراوی سەربەخۆ هەیە کە بوارێکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی نەبێت بۆ ناساندنو پەخشکردنی کارو چالاکیەکانی، بۆیە تا ئەو ئەنجومەنەی باس لە پێکهێنانی دەکەین فراوان بێت، ئەوەندەش کارو چالاکیەکانی فراوانترو بە جەماوەریتر دەبێت، کەواتە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی لەو شێوەیەش بەرنامەو پەیرەوی تایبەتی خۆی دەبێتو ئاراستەی کارکردنیشی یەك شێواز دەبێت، ئەو شێوازەش کە ئێمە مەبەستمانە کارکردنە بەئاراستەی یەکخستنی هێزو تواناکانی هەموو جەماوەر بۆ کاریك کە ئامانجی هەموولایەکە، دیارە هەنگاوێکی لەو جۆرەش هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان لە یەکتر نزیك دەکاتەوەو ڕەنگدانەوەشی دەبێت لەسەر جەماوەر بەگشتی

أ -کۆڕوکۆبوونەوەی بەردەوام:-بوارێکی دیکەی کارکردن بۆ بەجەماوەریکردنی ئەو داواوماڤانە، جیا لە یەك دەنگی ڕاگەیاندنەکان، ئەنجامدانی کۆڕو کۆبوونەوەی بەردەوامە لەلایەن ڕۆشنبیرو سیاسیو کاربەدەستانی وڵاتەوە لەناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا، چونکە ئەو جۆرە چالاکیانە متمانەی هاوڵاتیان زیاد دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەسەر کێشەکە دەکرێت لە نیوان هاوڵاتیانو کاربەدەستانی وڵاتەوە، هەروەهاپردی پەیوەندی نێوان کاربەدەستانو خەڵکیش پتەوتردەبێت، کەلەئەمڕۆی هەلومەرجی گەلەکەماندا بوونی کێشەیەکی مێژووییو سیاسی گرنگی وەکو کەرکوکیش بوونی پەیوەندیەکی لەو شێوەیە زۆر گرنگو پێویستە.

ج - خۆپیشاندانو چالاکی هونەریودبلۆماسی:- بۆ ئەوەی کێشەکەمان ببێتە کێشەی تاك بەتاکی کۆمەڵی کوردستان، ئەنجامدانی خۆپیشاندانو چالاکی جۆراوجۆری هونەریو دبلۆماسی لە ئەرکە هەنووکەییەکانی کۆمەڵی کورد زمانە، چونکە لە لایەك ڕاگەیاندنەکان دەنگی تەواوی میللەت نینو لەلایەکی دیکەشەوە لەوانەیە زۆر کەس هەبێت بێ لایەن بێت یان میزاجی گوێگرتنو دانیشتنی نەبێت لە کۆڕێکدا، بەڵام هاتنە سەرشەقامی کۆمەڵانی خەڵك بەبێ جیاوازی لەلایەك ڕای تێکڕای شەقامی گەل نیشان دەداتو لەلایەکیش ئەو ڕاستیە بۆ دوژمنان ئاشکرا دەکات کە ئەو ماڤانە داخوازی تێکڕای گەلی کوردستانە بە بێ جیاوازی.

٥ - ئاوەدانکردنەوەی کوردستان :- گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان، ئەرکێکی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق بە ئازادی شاد بوون بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان ناوچە کوردنشینەکانو نەتەوەکانی یکەی دانیشتووی ئەو ناوچانەی کە دەستی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەگاتێ، هەنگاوێکی لەو جۆرەش ڕای خەڵکی ئەو دەڤەرانە ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی لە هەوڵی ئەوەدابن کە ڕای گشتی ناچار بکەن کە چارەنووسی ناوچەکانیان ببەستنەوە بە چارەنووسی هەرێمی کوردستانەوە، بێگومان ئەم کارەش یارمەتیمان دەدات لە سەر خستنی ئەو ڕاپرسیەی کە لەداهاتوودا لەوناوچانەدا ئەنجام دەدرێت لەسەرچارەنووسی ئەو ناوچانە.

٦ - نواندنی چالاکی هەمەجۆر :- لەبەر ئەوەی کێشەی کەرکوك تەنها کێشەی ڕزگارکردنی خاکەکەی نیە بەڵکو بوونی نەتەوەو مەزهەبی جیاجیاش لەو ناوچانەدا کێشەیەکی دیکەیە کەکەمترنیە لە کێشەی خاکەکەی، هەر بۆیە پێویستە ئێمەی کورد زۆر بە وورییاییو ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەینو هەوڵی دروستکردنو پتەوکردنی پەیوەندیەکانمان بدەین لەگەڵ ئەو نەتەوەو مەزهەبە جیاوازانە، لەبەرئەوەی بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی بوون بە بەشێك لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەمان، ئەمە جگە لەوەی کە لە پرۆسەی دەنگداندا مافی بەشداریکردنیان هەیەو دەتوانین بەکاریان بێنین بۆ سەرخستنی پرۆسەکەو چارەسەرکردنی کێشەکەمان، کە ئەویش لەڕێگای خۆنزیك خستنەوەلێیانو خزمەت کردنیانو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیانو یارمەتی دانیانو نواندنی چالاکی جۆراوجۆری هونەریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو لە نێوان خۆمان ئەو نەتەوانەدا دێتەدی، کە بێگومان ئەو چالاکیانەش تەرازووی دەنگی گێڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان قورستر دەکات کە ئەوەش ئامانجی ئێمەیە. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە هەموو ئەو کاروکردەوەو هەنگاوانەی لە ڕابردوودا باسمان کردنو چەندانی دیکەش وامان لێدەکات کە کەرکوكو کێشەکەی لە پەراوێزدا دابنێین، یان بەدیوێکی دیکەدا جێ بەجێکردنی هەموو ئەو هەنگاوانەی لەڕابردوودا باسمانکردن، هەنگاوی دووەممان کە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانمانە لەڕزگارکردنی کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان پتەوتردەکات، بە پێچەوانەشەوە کارێکی مەحاڵە، وەك نەگۆڕانی عەقڵیەتی کاربەدەستانی عیراق بەرامبەر کێشەی کورد بە درێژایی مێژوو.